چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆری لە کولتووری گەلانەوە

# فریشتەی دارستان



وەرگێڕانی

**موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی**

# فریشتەی دارستان

## چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆری لە کولتووری گەلانەوە

ئامادەکردنی
موکەڕەم ڕەشید
تاڵەبانی

ناوی پەرتووك : فریشتەی دارستان

وەرگێڕانی: موکەرەم رەشید تاڵەبانی

دیزانی بەرگ : کارزان سەعدی / مەریوان گرافیك

دیزاینی ناوەوە: ئەحمەد سلێمان/ مەریوان گرافیك

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ساڵی چاپ : ٢٠١٠

چاپی : یەکەم

چاپ : چاپخانەی شەهاب - هەولێر

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەی گشتییەکان**

**ژمارە سپاردنی (٩٢٩)ی**

**ساڵی٢٠١٠ی پێدراوە**

**نرخی (2500) دینارە**

# فریشتەی دارستان



# فریشتەی دارستان

## ئەفسانەیەك لە چینەوە

کێوی (لۆشان) دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای گوندەکەمانەوە، (کانیی جنۆکان)یش لە داوێنی کێوەکەوەیە. لەسەردەمی کۆندا، ئاسکۆڵەیەکی زۆر سپی دەژیا، کە خەڵکی لە چیاکانەوە دادەبەزین و بەرەوماڵەوە دەگەڕانەوە، هەندێك جار گوێیان لە دەنگە دەنگێك دەبوو وەك : فلیك فلاك فلووك.. وایان دەزانی هەزاران زەنگۆڵە زرەیان دێت. کەچی ئاسکۆڵە سپییەکە بوو بە قاچە بچکۆڵەکانی گومبەتەی لێ دەداو ئەو دەنگەی دەهێنایە ئاراوە. بەڵام کەس نەیدەبینی. دەڵێن کەس نایبینێت، یەکێك نەبێت دڵێکی لە ئەڵماس بێ گەردتری هەبێت.

لە دامێنی چیای (لۆ شان)ەوە گوندێکی بچووك هەبوو، باخەوانێکی تێدا دەژیا، لەش زل و ورگن و زۆر ڕەزیل بوو. بگرە ئەو ئاوەی هێلکەیەکی تێدا بکوڵاندایە دووبارە بەکاری دەهێنایەوە، تا ڕادەیەکی زۆریش بەردەست و کرێکارەکانی خۆی دەچەوساندەوەو ئیشی پێ دەکردن. خەڵك ناوی (کەوڵکەن)یان لێنابوو، چونکە هیچ بەزەییەکی لە دڵدا نەمابوو.

کرێکارێکی گەنج لە کێڵگەکەیدا کاری دەکرد ناوی (چانگ چوو)بوو. لاوێکی ئیشکەری لەسەرخۆی هێمن بوو. لەم جیهانەدا هاوتای کەمبوو. هەر لەبەیانییەوە تا خۆرئاوا ئیشی دەکرد. زۆر جاریش پڕ بە سکی تێر نانی نەدەخوارد. سەرەڕای ئەوەیش باخەوانەکە فەلاقەیشی دەکرد، هەموو ڕۆژێکیش بۆ چیلکە کۆکردنەوە سەر چیاکەیش دەکەوت و ئێوارە بەکۆڵێك یان باوەشێك چیلکەوە دەگەڕایەوە.

جارێکیان دەرفەتی نەبوو زوو بگەڕێتەوە، تاریکی بەسەردا هات. لە نزیك (کانیی جنۆکان)ەوە چاوی بە شتێکی بچووك کەوت، لەسەر عەرد دەبریسکایەوە، ئاوڕێکی ئەم لاو ئەو لای خۆی دایەوە کەسی نەبینی، شتە بریسکەدارەکە دەرزییەکی زیوینی یەخە بوو! ئەم دەرزییە هی کێ بێت؟ دارستانەکە کپ و سروشت لە خەوێکی قووڵدا بوون، تەنیا ئەستێرەکان بەبەرزی ئاسمانەوە بەسەر لقی درەختەکانەوە بێداربوون.

(چانگ چوو) دادەچەمێتەوە دەرزییەکە هەڵبگرێتەوە. لە دڵی خۆیدا دەڵێت: دەیبەم .. هەڵیدەگرم .. بەشکو سبەینێ خاوەندەکەی پەیدا بێت !

ڕۆژی دواتر، وەك جاران تازە هەتاو هەڵهاتبوو، لە ماڵ دەردەچێت. لەسەر کانییەکە ڕادەوەستێت. هەر چاوەڕێ دەکات. شەو دادێت. مانگ هەڵدێت، کەچی کەس نابینێت، ئەمیش کۆڵە چیلکەکەی هەڵدەگرێت و، دەیەوێت لەسەر شانی دانێت بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە، بەڵام کە ڕاست دەبێتەوە، لەسەرسوڕمان و واق وڕیدا لە شوێنی خۆی دەتەزێت. لەبەر ئەوەی لە سەر تاوێرێکی بەرانبەری کیژۆڵەیەك بۆی پێدەکەنی، هەردوو چاوی لە جووتێك ئەستێرە دەچوون، تارایەکی ئاڵی تەنکی پۆشیبوو.!

بە دنگێکی ناسکتر لە سروەی بەهاران لێی دەپرسێت:

ـ تکایە پێم بڵێ بە ڕێکەوت دەرزییە زیوینەکەت نەدۆزیوەتەوە؟

ئەوەندە دەپەشۆکێت و سەری سوڕ دەمێنێت .. ناتوانێت بەرسڤ بداتەوە. چانگ دەست درێژ دەکات دەرزییەکەی پێ بدات، بێ ئەوەی ورتەی لە زار بێتە دەر.

هەرکە کچە جوانەکە بە شێوەیەکی دۆستانە سوپاسی دەکات، گڤەی بای تاراکەی لە ئاسماندا دەبیسترێت، پاشان سروەیەك هەڵدەکات و شەبەنگە قەشەنگەکەی لە چاو بزر دەبێت.

چانگ ماوەیەکی درێژی پاش ئەو ڕووداوە، ، ناتوانێت بیر لە هیچ شتێك بکاتەوە، جگە ئەو ڕووداوە نەبێت. ئەوەی نەیدەتوانی لە بیری خۆی بباتەوە، جوانی لە ڕادەبەدەری پەرییەکە بوو، کە وێنەکەی لە ناو دڵی چاویدا چاپ بووبوو و نەدەڕەوییەوە. پاش ئەو ڕووداوە هەموو ڕۆژێك ئاواتی ئەوەی دەخواست بیبینێت. ئەوەتە دارستانەکە کپەو پەرییەکەیش لە هیچ شوێنێك دیار نییە.

بەڵام گەنجەکە کە لە دارستانەکەدا دەبێت ڕووداوێکی سەیری تووش دەبێت، ئێوارەیەکیان چیلکەو داری کۆکردبوونەوەو، بە گوریس بەستبوونی و، دانیشتبوو بابۆڵەکەی بخوات، دەست بۆ پریاسکەی نانەکە درێژ دەکات، کە چەند کولیچەیەکی تێ ئاخنیبوو، بەڵام نسك و نائومێد، پریاسکەکەی خاڵی و پەتی بوو، هیچ کولیچەیەکی تێدا نەمابوو. لە بەر خۆیەوە دەڵێت: زۆر سەیرە! بێ گومان گیانلبەرێکی ملهوڕ شیوەکەی خواردووم.

ئەم ڕووداوە ڕۆژی دواتریش دووبارە دەبێتەوەو وای لێ دێت هەموو ئێوارانێك ڕوو بدات. گەنجەکە بیری لێ دەکاتەوە، لەبەر خۆیەوە پەسن بە دزە نەناسراوەکە دەڵێت: ئەی گیرفانبڕی بەدخوو ..کەمێك ڕاوەستە! ڕۆژێکت دێت بتگرم! بە قەد دارسنەوبەرێکدا

هەڵدەزنێت و خۆی لەنێو لق و پۆپەکانیدا دەشارێتەوەو چاوەنۆڕ دەبێت..

خۆر ئاوا دەبێت. تاریکی دادێت. ئەوەندەیش نابات مانگ هەڵدێت و دارستانەکە ڕووناك دەکاتەوە.

لێرەدا گەنجەکە گوێی لە دەنگی زەنگۆڵەکان دەبێت، هەمان کات سەری لەو دیمەنە سەیرە سوڕ دەمێنێت کە دەیبینێت: لەو لاوە تۆپێکی زیوینی بریسکەدار بەرەو لای ئەو غل دەبێتەوە. هەرکە زۆرتر لێی نزیك دەبێتەوە ئەم پتر پێڵووی لێکتر دەنان، چونکە ئەو ڕووناکییەی لە تۆپەکەوە دەردەچوو زۆر تیژ بوو. کە چاو دەکاتەوە ئاسکۆڵەیەك لەژێر ئەو درەختەدا دەبینێت کە خۆی لەناو لق و پۆپەکانیدا حەشار داوە. وای دەزانێت مەڕمەڕی سپییە. تووکەکەی وەك درەخشان دەدرەوشایەوە، بەڵام بێ گومان خەریك بوو دوایەمین کولیچەی تەواو دەکرد!!

گەنجەکە خێرا لە درەختەکە دێتە خوارەوەو هاوار دەکات:

ـ ئەوەتانێ بە دزییەوە گرتتم.. ئەمە تۆیت هەموو ڕۆژێك دێیت و کولیچەکەم دەخۆیت؟ (پاشان سەرزەنشتی دەکات) ئەدی شەرم لە خۆت ناکەیت؟ ئەگەر کولیچەیەکی زۆرم هەبووایە گلەییم لێ



نەدەکردیت.. بەڵام ئایە دەزانیت من هەموو شەوێك بە هۆی تۆوە بە سکی برسی دەنووم؟!

ئاسکۆڵە دوڕدانەییەکە وەڵام دەداتەوە:

ـ من ئەم کولیچانەم بە خۆڕایی نەخواردوویت.. مافی خۆتت پێ دەدەمەوەو دەزگیرانێکی جوانت بۆ دەهێنم!

(چانگ چوو) هەناسەیەك هەڵدەکێشێت و دەڵێت:

ـ ئەی ئاسکۆڵە! تۆ زۆر چاکیت، بەڵام نابینیت تەنانەت ناتوانم نان بۆ خودی خۆم پەیدا بکەم، ئیدی چۆن دەتوانم ژنێکیش بەخێو بکەم؟!

ئاسکۆڵە دوڕدانەییەکە دڵنیای دەکاتەوە:

ـ پەرێشان مەبە! ژنی دوارۆژت نابێت بار بە کۆڵتەوە. بەڵکو بەپێچەوانەوە، بە خۆی نان بۆ خۆی پەیدا دەکات. سەرەڕای ئەوەیش لەژیان و گوزەرانتدا یارمەتیت دەدات. کاتێك مانگ هەڵدێت بڕۆرە سەر (کانی جنۆکان) و لەوێ چاوەنوارِ بە. نۆ پەری دێن لە کانییەکەدا مەلە دەکەن. سەرنج بدە کامیانت زۆر بەدڵ بوو، جلوبەرگەکەی بڕفێنەو تا هێزت تێدایەو دەتوانێت، قاچێکت هەبێت دووی دیکەی بۆ پەیدا بکەو هەڵێ، چونکە بەبێ

جلوبەرگەکەی ناتوانێت بۆ ئاسمان بگەڕێتەوە. ئیدی ئەو کاتە دەبێتە ژنی تۆ!

هەرکە ئاسکۆڵە دوڕدانەییەکە لەقسەکەی دەبێتەوە بە گیانە خڕە درەوشاوەیەکەوە بەقونە قون دوور دەکەوێتەوەو لە دارستانەکەدا لە چاو بزر دەبێت.

لێرەدا (چانگ چوو) کیژە جوانە نەناسراوەکەی یاد دەکەوێتەوە کە لە نزیك (کانیی جنۆکان) دەرزییە زیوینەکەی لێ بزر بووبوو. ئاخ! خۆزگە یەکێك لەو نۆ پەرییە دەبوو!

ڕۆژی دواتر پێش ئەوەی مانگ هەڵبێت، ڕووی ئاوی کانییەکە هێمن دەبێت، لەئاوێنە دەچێت، لەناکاودا بایەك هەڵدەکات و کوتوپڕ ڕووناکی لە هەموو لایەکەوە پەیدا دەبێت، لە لێواری کانییەکەدا کچێکی جوانی تارا سوور دەردەکەوێت! پاشان ڕووناکییەکی دیکە دەدرەوشێتەوە، شەبەنگی دووەمین پەری لەنزیکی کانییەکەدا دەردەکەوێت، ئەم پەرییە کراسێکی شینی لەبەردا دەبێت. بەم شێوەیە پەرییەکانی ناو دارستانەکە، یەك لەدوای یەك دادەبەزن، بۆ ئەوەی مەلە بکەن.

(چانگ چوو) هەناسە لەخۆ دەبڕێت، خودایە بە درێژایی ژیانی نەیبینیوە ئەم هەموو جوانانە پێکەوە کۆببنەوە! بەڵام تەنیا غەمێك پەرێشانی کردبوو، ئەو کیژەی شەوان هەناسەی بۆ هەڵدەکێشا، لەبەر ئەوەی خۆشی دەویست، جوانە نەناسراوەکەی خاوەندی دەرزییە زیوینەکە لە نێوان ئەوانەدا نەبوو کە لەبەرچاوی بوون.

ئەو کات کوتوپڕ دەنگێك بەرگوێ دەکەوێت و دوایەمین پەری، کە نۆیەمین پەری دەبێت، دادەبەزێت. پەرییەکە .. کیژۆڵە تارا ئاڵەکە دەبێت کە دەرزییە زیوینەکەی لە یاخە دابوو!

(چانگ چوو) لە دڵی خۆیدا دەڵێت: ئەوە ئەو کچەیە کە دەمەوێت و هەر ئەویشم دەوێت!

ڕادەوەستێت تا پەرییەکان خۆ ڕووت دەکەنەوە.. کاتێك ئەوان مەلە دەکەن، بە پسکە پسك خۆی دەگەیەنێتە جلوبەرگەکان..پاشان تارا ئاڵەکەی کیژەکە دەڕفێنێت و تێی دەتەقێنێت!

زۆر دوور ناکەوێتەوە گوێی لەیەکێك دەبێت بانگی دەکات، ئاوڕ دەداتەوە، دەبینێت کیژە جوانەکە بە چاوە بزەکانیەوە تەماشای دەکات. لێی دەپرسێت:

- بۆچی بەم شێوەیە لە دەستم هەڵاتیت، کەچی هەردووکمان یەکدی چاك دەناسین. لەو باوەڕەدام کە دۆستی یەکدیین.. ئایە ناتەوێت ببیتە خاوەندی ژن؟

(چانگ چوو) لە خۆشیاندا شاگەشکە دەبێت.. دێت و دەستی هاوسەرە لاوەکەی دەگرێت و بەرەو ماڵ دەبێتەوە.

هەردووکیان لە ژیانی هاوبەشیاندا زۆر شادومان دەبن، ئیدی لەو ڕۆژەوە هەژاری و نەداری لە ماڵەکەیاندا جێی نابێتەوە. ژنەکە لەبەردەم تەونەکەیدا دادەنیشێت و دەزووی وا دەچنێت زۆر لەوانە جوانترو ناسکتر کە کیژەکان دەیانچنی. پاشان (چانگ چوو) ئەوەی دروستی دەکرد، دەچوو لە شار دەیفرۆشت و داهاتێکی باشیان لێ دەستەبەر دەبوو.

ئاشکرایە کە باخەوانە کەوڵکەنەکە بەمە قایل نابێت. بانگی (چانگ چوو) دەکات و هەڵدەچێت و کەف دەچەرێنێت و سەرزەنشتی دەکات.. تا وای لێ دێت کرێکارەکە بەسەرهاتی

ئاسکۆڵە دوڕدانەییەکە بۆ باخەوانەکە بگێڕێتەوە.. چۆن ئەو ئاسکۆڵە کولیچەکانی خواردووەو چۆن بەسەریدا چووەو، فێری ئەوەی کردووە یەکێك لەپەرییەکانی دارستانەکە ببێتە هاوسەری!

باخەوانەکەکاتێك گوێی لەمەدەبێت. بیر دەکاتەوە: کولیچە.. چەند کولیچەیەکی بێ نرخ .. گاڵ بن یان هەرزن! ئەگەر من پەپکەی ئاردە سپی و پڕ لە کەرەو هێلکە بە ئاسکۆڵەکە ببەخشم.. ئەو کات فێری ئەوەم دەکات کیژۆڵەیەکی جوانترم دەست بکەوێت!

ئێوارەی ڕۆژی دواتر باخەوانەکە پریاسکەیەکی پڕ لە کولیچەی پڕ سەرتوو ئامادە دەکات و چیا بگرەو هاتم، لەوێ کولیچەو پەپکەکان لەسەر تاوێرێك دادەنێت.

کاتێك مانگ هەڵدێت، لەو لاوە تۆپێکی زێڕین دەردەکەوێت. بەرەو ڕووی دێت. تا دێت پرشنگ دەداتەوە، ئاکام ئاسکۆڵە دوڕدانەییەکە لەژێر درەختەکەدا دەردەکەوێت و دەکەوێتە وێزەی پەپکەو کولیچەکان.

باخەوانەمە لە حەشارگەکەی دێتە دەرەوەو هاوار دەکات:

ـ ئەوەتە گرتتم، خەریکیت کولیچەکانم دەخۆیت! چونت دڵ دێت شیوی پیاوێکی بەسەزمانی وەك من بخۆیت؟ ئەگەر کولیچەکانم

زۆر بووایەن و بەشیان کردبایەم، گلـەییم لێ نـەدەکردیت. دەبێـت ئێستە بێ شیو بنووم.

ئاسکۆڵەکە وەڵام دەداتەوە:

ـ من دز نیم. من شت بە خـۆڕایی نـاخۆم! پاداشـتت دەدەمـەوە، ئەویش ئەوەیە فێرت دەکەم چۆن ئافرەتێکی جوانت دەستگیر بێت!

باخەوانە بێ ئوقرەکە دەپرسێت:

ـ لە کوێ دەتوانم بیدۆزمەوە؟

ئاسکۆڵەکە دەڵێت:

ـ کاتێك مانگ هەڵدێت بچۆ بـۆ لای (کـانیی جنۆکـان).. لـەوێ چاوەنۆڕ بە.. نـۆ پـەری بـۆ مەلـەکردن دێنـە سـەر کانییەکـە .. کامیانت بەدڵ بـوو هەڵبـژێرەو جلوبەرگەکـەی بڕفێنـەو، هـەڵێ، چونکە بێ جلوبەرگەکەی ناتوانێت بۆ ئاسمان بگەڕێتەوە .. ئەم جار دەبێتە هاوسەرت!

ئاسـکۆڵەکە قـسەکانی تـەواو ناکـات، باخەوانەکـە، بـێ ئـەوەی سوپاسی ئاسکۆڵەکە بکات، بەرەو کانییەکە بەڕێ دەکەوێت.!

ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە. مانگ هەڵـدێت. وەك چـۆن (چـانگ چوو) بینی، ئەویش لەو شێوەیە. پەرییەکان یەك بە دوایـی یەکـدا

دابەزین. لێواری کانییەکە لە تیشکی ڕووناکی یەزدانیدا بریسکەی دەهات. دەتگوت پەلکەزێڕینەی قەشەنگە! باخەوانەکە دووچاوی هەبوو کردنی بە هەزار!

لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا: دەمەوێن .. هەموویان ژنی من بن!! هەر یەکەیان ئەوەندە جوان بوو لەوی دیکە جوانتر بوو. ئەم جار هەڵدەستێت و دەچێت هەموو جلوبەرگەکانیان دەڕفێنێت و خێرا تێی دەتەقێنێت.

ماوەیەك تێدەپەڕێت، گوێی لە ترپەی پێ دەبێت. تومەز پەرییەکان بە دووی دەکەون و خێرا پێیڕا دەگەن و وەك بازنەیەك دەورەی دەدەن و هەر یەکەو دەستی ئەوی دیکە دەگرێت.. ئەم جار دەست بە سەما دەکەن.

یەکەمین پەری دەستی باخەوان دەگرێت و تێر سەمای لەگەڵ دەکات و بە دەوری خۆیدا سووڕی دەدات و سووڕی دەدات کاتێك ماندوو دەبێت ڕادەستی دووەمین پەری دەکات، ئەمیش سەمای لەگەڵ دەکات پێش ئەوەی بۆ سێیەمین پەری بەجێ بهێڵێت.. بەو جۆرە ئەو سەمایە سەمای ئاسایی نابێت .. ئاهەنگێکی سەمای زۆر ناخۆش دەبێت.

باخەوانی ورگـن هەناسـەبڕكێی پێدەكـەوێت، هێـزی لـە ئـەژنۆدا نامێنێت. دڵی خێرا لێدەدات. گوێی كپ دەبێت. بێ هوودە وایـان لێ دەكات وازی لێ بهێنن.. تەوس دەیباتەوە، دەكۆشـێت لـە بـن باڵیانەوە دەرباز بێت.. بەڵام هەیهوو!!

دەبوو هەر سەما بكات و .. سەما بكات.. تـا توانـای نامینێـت هەناسە بدات.. بەر دەبێتەوە، دەبووریێتەوەو دەكەوێتە سەر عەرد. پەرییەكانیش دەست دەدەنە تاراكانیان و بەرەو ئاسمان دەفڕن.

بۆ بەیانی لەنزیك كانی جنۆكان تەرمی بێ گیانی باخەوانە ڕژدو بەدخووەكە دەبینرێت لەوێ كەوتووە.. چونكە هەتا مرد هەر سەمای كرد!!

سەرچاوە:(گۆڤاری ـ الدوحە ـ) ساڵی ١٩٧٨).

# کۆتری سپی



# کۆتری سپی

## چیرۆکێکی فۆلکلۆری لە ژاپۆنەوە

هەبوو نەبوو سالآنی زوو پیرەمێردێك و پیرەژنێـك هـەبوون، تـەنیا کوڕێکیان هەبوو، ناوی سەپان بوو. سەپان لە کێڵگە بـچووکەکەی باوکیدا خەریکی تۆو چاندن و جووت کردن و ئاودێری بوو. ئەگـەر کێڵگەکە پێویستی بە کاری کشتوکاڵی نەبووایە، دەچووە دارسـتان و کۆڵێـك داری دەهێنایـەوەو دەچـوو لـە شـار دەیفرۆشـت. ئـەو کارەیش داهاتێکی زۆری بۆ دەستەبەر نـەدەکرد، بـەڵام خێزانەکـە نـەداربوون، بۆیـە ئـەو دراوەی دەسـتیان گەوتبایـە هەرچـەندە بچووکیش بوایە بۆ ئەوان زۆر بوو.

سەپان لاوێکی ئیشکەرو کوڕێکی گوێڕایـەڵ بـوو. کەچـی بـاوك و دایکی زۆر جار سەرزەنشتییان دەکرد. بۆچی؟ چونکە لـە ڕاسـتیدا بە سۆزو بەزەیی بوو. بەزەیی بە هەژارانی وەك خۆیـدا دەهاتـەوە، کاتێك لە شار دەهاتەوە، لە ڕێگە هەر نـەدارێکی تـووش بهاتایـە

داوای پارەی لێ بکردایە، دریغی نەدەکردو لەو پارەیەی دەستی کەوتووە چەند درەمێکی دەدایە، ئەگەرچی پارەکەیش کەم بووایە.
ئەوەی زۆرتر باوکەکەی بێزار کردبوو، ئەوەبوو کاتێك لەگەڵ کوڕەکەیدا بچووبایەنە ڕاو، باوکەکە نەیدەتوانی هیچ باڵندەیەك بکوژێت و نان و خواردنی ئەو ڕۆژەی پێ بڕازێنێتەوە. هەرکاتێك باوکە لە نێچیرەکەی نزیك بووایەتەوە، یان باڵندەیەکی ببینیایەو بیویستایە نێچیرەکە بگرێت، یان تەقە لە باڵندەکە بکات، سەپان بەردێکی فڕێ دەداو هاوارێکی دەکردو نێچیرەکە تێی دەتەقاندو باڵندەکە هەڵدەفڕی.
پیرەمێردو پیرەژنەکە بەردەوام دەیانگوت:
- نکۆڵی لەوە ناکەین کە کوڕەکەمان ئیشکەرو چالاکە، ئەو چاکەیەی ژ بیر ناکەین، بەڵام زۆر زیرەك نییە. دەبێت تا ماوە لە ناو کێڵگەو دارستاندا کار بکات و ئەو دوو شوێنە بەجێ نەهێڵێت. چونکە هیچ بیرو هزرێکی لە مێشکدا نییە سەبارەت ئەو شتانەی جیهان هەڵدەسووڕێنن. ئەوەشیان لەیاد نەدەکرد بە دەنگی بەرز ئەوەی پێ نەڵێن.

ڕۆژێکیان سەپان چووە بازاڕ ، لە کاتی گەڕانەوەدا بۆ ماڵ لەسەرخۆو شادومان بە ناو دارستانەکەدا دەڕۆیشت و گوێی لە خشەی دارو درەخت و جریوەی چۆلەکە دەگرت. لەناکاو دەنگێکی نامۆی بەرگوێ کەوت. بە دوای دەنگەکەدا کنەی کرد، کۆترێکی سپی بینی، لەناو پەل و پۆو لقی درەختێکی گەورەدا گیری خواردووەو پەلەقاژێ دەکات تا خۆی قوتار بکات، ئەوەندە پەلەقاژێی کردووە، شەکەت و ماندوو بووە، بەڵام بێ هوودە، وای لێهاتووە نەتوانێت هەردوو باڵی بجووڵێنێتەوە.

سەپان بێ سێ و دوو و بەبێ ئەوەی بیر بکاتەوە، خێرا بە درەختەکەدا هەڵزنا، کاتێك کۆترەکە ئەمی بینی، لە ترساندا چاوی ئەبڵەق بوو، بەڵام سەپان وریایانە لەناو لق و پۆی درەختەکەی هێنایە دەرەوە، ئەو کات بینی بریندارە، تیرێکی درێژی بینی بنی باڵی پێکاوە.

سەپان دەستی بەسەر پەڕەکانیدا دێناو گوتی: ئەی کۆترە بچکۆلەی بەسەزمان! چەندەت ئازار چەشتووەو ترساویت .. پێدەچێت ڕاوچییەك بە تیر تۆی پێکابێت و تۆیش کەوتبیتە ناو لق و پۆپی ئەم درەختەو لەناو گەڵاکانیدا گیرت خواردبێت. بەڵام

دڵگیر مەبە، برینەکە قووڵ نییەو ئەوەندە ناخایەنێت چاک دەبیتەوە.

پاشان وردە وردە تیرەکەی لەسەرخۆ لە بن باڵی دەرهێناو برینەکەی پاکژ کردەوەو کۆترەکەی بردە شوێنێکی سێبەری ناوجەرگەی دارستانەکەو، بە دڵگرانییەوە پێی گوت: مەترسێ، چەند ڕۆژێکی دیکە وزەت وەبەر دێتەوە. پاشان تێی تەقاندو بەرەو ماڵ بووەوە.

ئەو ماوەیە هیچ کارێك نەبوو لە کێڵگەدا بیکات. بۆیە سەپان هەموو بەیانیانێك دەچووە دارستانەکەو تا تاریك دانەهاتبایە نەدەگەڕایەوە. پاشان چەند ڕۆژێك، کە ئەو لە ماڵ نابێت، کیژێکی جوان دێتە ماڵیان و چاوی بە دایك و باوکی دەکەوێت، بوخچەیەکی گەورەی بەسەر شانەوە دەبێت، بەڵگەی ئەوەیە کە لە شوێنێکی دوورەوە هاتووەو، گەشتێکی دوورو درێژی کردووە.

کیژەکە پاڵ بە دیوارەکەوە دەدات و بە دەنگێکی ناسك پرسیار دەکات ئایە سەپان لە ماڵە یان نا.

دایکەکە بە دەنگییەوە دەچێت و واقی وڕدەمێنێت کاتێك ئەو کیژە زۆر جوانە دەبینێت پرسیاری کوڕەکەی دەکات. پێی دەڵێت: کیژم وەرە ژوورەوە! کوڕەکەم لە ماڵ نییە، ئێستە لە دارستانەو

ناگەڕێتەوە تا تاریك دانەیەت، دەتوانیت بێیتە ژوورەوەو چـاوەڕێی بکەیت ئەگەر ئارەزووت لیَ بێت.

کیژۆڵەکە داوای لێبوردنی کردو لە بەردەم دەرگەی ماڵەوە دانیشت چاوەڕێی (سەپان)ی دەکرد. پیرەژن و پیرەمێردەکە جار ناجار بـە بەردەمیدا تێدەپەڕین و تەماشایەکیان دەکردو دەکۆشـان دەروازەی وتویێژی لەگەڵ والا بکەن. تـا بـزانن ئـەو کیژۆڵـە جوانـە چـی لـە کوڕەکەیان دەوێت؟ بەڵام کیژەکە بە شەرمەوە بزەیـەکی دەهاتـیَ و بەرسڤی دەدانەوەو دەیگوت چاوەڕێی سـەپان دەکـات. ئاکـام کـە ڕۆژئاوابوو سەپان گەڕایەوە ماڵەوەو بارەدارێکی بە کۆڵـەوە بـوو. هەرکە کیژۆڵەکە (سەپان)ی بینی یەکـسەر هەسـتایە سـەر پـیَ و کەمێك نووشتایەوەو بە دەنگـە خـۆش و ناسـکەکەی پرسـی: تـۆ (سەپان)یت؟

سەپان بە واق وڕماوییەوە گوتی: بەڵیَ، مـنم .. پاشـان پرسـیاری لێکرد چی لیَ دەوێت. کیژۆڵەکە بە بزەیەکی بیَ فیزەوە گوتی:

ـ من لە بەیانییەوە لێرە چاوەڕێت دەکەم.

سەپان کە ئەم سەردانە پێشبینی نەکراوە کاری تێکردبوو گوتی: فەرموو وەرە ژوورەوە.. ڕەنگە پاش ئەو هەموو چاوەڕوانییە ماندوو بووبوویت.

پاشان کیژۆڵەکەی بردە ژوورەوەو داوای لێکرد نانیان لەگەڵ بخوات. ئەم جارە کیژۆڵەکە داواکەی ڕەت نەکردەوە، بەڵکو هەردوو شمکەکەی داکەندو بە دوایدا چووە ژوورەوەو، دانیشت لەگەڵ پیرەژن و پیرەمێردەکەدا نان بخوات. پاش شیوخواردن جارێکی دیکە کیژۆڵەکە بۆ سەپان بزەیەکی هاتێ و لە شەرماندا چاوی قووچاند، پاشان پرسیاری لێکرد ئایە دەیەوێت ببێتە هاوسەری و مێردی پێ بکات.

سەپان ئەوەند سەری سوڕما لاڵ و بێ دەنگ بوو.

کیژۆڵەیەکی زۆر جوان، بێ چاوەڕوانی دێتەماڵیان و، پرسیاری لێ دەکات ببێتە هاوسەری جووتیارێکی هەژار!

دایك و باوکەیش لە کوڕەکەیان پتر سەریان سوڕما. بەڵام دەستپێشخەرییان کردو داوای لێبوردنیان کردو گوتیان: کوڕەکەیان ئەو بڕە پارەیەی نییە کیژۆڵەیەکی ئەوەندە جوان بخوازێت و بۆیان ڕوون کردەوە کە ئەوان هەژارو نەدارن و ئێستە سەپان بیر لە ژن

هێنان ناکاتەوە. کیژۆڵەکە گوێی لە دایك و باوکەکە گرت. پاشان بەوپەڕی بڕوابەخۆبوون و هێورییەوە وەڵامی دایەوە: مرۆڤ بۆ ئەوەی شادومان و بەختەوەر بێت پێویستی بەوە نییە دەوڵەمەند بێت. ئەوەی بەسە دڵی نەرم بێت. (سەپان)یش لەو جۆرەیە. من بۆتان دووپات دەکەمەوە کە هەرگیز پەشیمان نابنەوە لە ماڵەکەی خۆتاندا پێشوازیم لێ بکەن و، ببمە یەکێك لە ئەندامی خێزانەکەتان، چونکە دەتوانم زۆر کار ئەنجام بدەم. کاتێك دەبینە چوار کەس ئەو کات ژیان ئاسانتر دەبێت. کاتێك دایکەکە بینی کیژۆڵەکە نەك هەر زۆر جوانە، بەڵکو زۆر چوست و چالاکیشە بەوە شادومان بوو کە یاریدەدەرێکی بۆ پەیدا ببێت، ئەو کات دایك و باوکەکە هیچ سەرپێچییەکیان نەکرد. سەپان لە خۆشیاندا شاگەشکە بوو.. بڕوای نەدەکرد کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ژنێکی ئەوەندە جوانی دەبێت، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو نەیدەزانی ناوی چییە، کیژۆڵەکەیش هەستی بەوە کردو بە (سەپان)ی گوت: لە ئێستە بە دواوە بە (ماریا)ی دڵسۆز بانگم بکە.

کیژۆڵەکە چەند دەرهەمێکی لە بوخچەکەی دەرهێناو (سەپان)ی ڕەوانەی شار کرد تا خواردن و خواردنەوەو هەموو پێداویستییەکی زەماوەندو شاییەکە بکڕێت و لەگەڵ خۆی بهێنێتەوە.

ئەو شیوخواردنە، بە ڕاستی شیوخوادرنێکی خۆش و بەچێژ بوو، پیرەژن و پیرەمێردەکە بە درێژایی ژیانی خۆیان شیوێکی لەو جۆرەیان نەخواردبوو، ئیدی دەستیان بە ستایشکردن و پێداهەڵدانی بووکەکەیان کرد.

پاش زەماوەندەکە سەپان هەموو ڕۆژێك دەچووە دارستان، بەڵام بەردەوام زووترین کات دەگەڕایەوە، لەکاتی کارکردنی ڕۆژانەدا بیری لە بینینی ژنەکەی دەکردەوەو بەوپەڕی ئارەزووەوە حەزی دەکرد بە دیداری بگاتەوە. دایکەکەیش زۆر شادومان بوو، چونکە ماریا زۆر خێرایانە کاری ناومالّی تەواو دەکرد، دایکەکە پێرا نەدەگەیشت بڵێت: ئەم کارە بکە، یەکسەر کارەکە تەواو دەکرا.

بەو شێوەیە هەرچواریان دەیانگوزەراندو بەو ژیانەی



خۆیان شادبوون، ئەو کاتەیش شادتر بوون کە ماریا لە سەپان کوڕێکی بوو.

ئێوارەیەکیان کاتێك سەپان دوای کارێکی دژواری ڕۆژانە پشووی دەدا ماریای دڵسۆز پێی گوت: تۆ هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە کار دەکەیت، بەڵام ناتوانین چێژ لە هیچ وەربگرین، ئەوەی بەدەستی دەهێنیت بەشی گوزەرانی ڕۆژانەمان ناکات. ئەگەر بازرگانییەکمان بکردایە ئەوە ناچار نەدەبوویت بە درێژایی بەیانی تا ئێوارە لە ناو کێڵگەو دارستان پشت داچەمێنیتەوە.. من تەون دەزانم. هەر ئێستە دەتوانین دەست بەکار بکەین. پاشان چەند درهەمێکی لە بوخچەکەی دەرهێناو لە سەپان پاڕایەوە بچێتە شارو هەموو ئەو شتانە بکڕێت بۆ ئەوەی دەست بە تەونەکە بکات.

ڕۆژی دواتر پاش ئەوەی سەپان هەموو پێداویستییەکانی لە شار کڕی. ژنەکەی داوای لێکرد تەونەکەی لە کەپرەکە بۆ هەڵواسێت و داوای لە مێردەکە و دایك و باوکە پیرەکە کرد لەکاتی کارکردندا بە هیچ شێوەیەك سەرقاڵی نەکەن و کارەکەی لە کەپرەکە لە بەیانییەوە تا ئێوارە بەردەوام دەبێت.

بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاوازتر دەبوو، ڕەنگی زەردتر هەڵدەگەڕا، تەنانەت جار جاریش ئەوەندە شەکەت دەبوو بەم لاو بەو لادا لەتری دەبرد. چەندین جار سەپان داوای لێکرد واز لەو کارە قورسە بهێنێت. پێی دەگوت ئەو



پێویستی بە سامان نییەو سامانی ناوێت، بەڵام ماریا تەنیا سەری ڕادەوەشاند.

پاش سێ ساڵ دوای ئەوە، ڕۆژێکیان ماریای دڵسۆز لە کەپرەکە هاتە دەرەوەو چارۆکەیەکی درێژی پێبوو لە جۆرە بەندو دەزوویەك دروست کرابوو کە سەپان و دایك و باوکی بە درێژایی ژیانیان لەو چەشنەیان نەبینیبوو. چارۆکەکە دەبریسکایەوەو ڕەنگی جۆراوجۆری دەنواند، لە پەڕی باڵندە سووکتر بوو، بەڵام لە قورسترین ئاورێشم گەرمتر بوو.. بە ڕاستی چنراوێکی دەگمەن بوو.

بەڵام ماریای دڵسۆز نەیدەتوانی لەسەر پێیان خۆی ڕابگرێت.. ئەوەند لاواز بووبوو لەسەر جێگە ڕاکشاو نەیتوانی هەڵسێتەوەو بە دەنگێکی کەسێك لەسەر مەرگدا بێت ئاماژەی بە سەپان کرد بچێت ئەو بوخچەیەی بۆ بهێنێت کە چەند ساڵێکی لەمەوبەر لەگەڵ خۆی هێنابووی و دوو دراوی زێرینی لێ دەرهێناو پێی گوت: گەشتێك بۆ دوورترین شوێن بکە تا ئەو دوو دراوە زێڕە تەواو دەبن، ئەو کاتە دەتوانی ئەم چارۆکەیە بفرۆشیت.

ئەگەر بە گوێم بکەیت ئەوە پارەو سامانێکی زۆرت دەست دەکەوێت. سەپان چارۆکەکەی نووشتاندەوەو لەناو بوخچەیەکی داناو هەردوو دراوە زێڕینەکەی خستە گیرفانەوە، زۆر دڵگیرو غەمگین بوو چونکە ژنەکەی بەجێ دەهێشت کە وا پێدەچوو تووشی نەخۆشییەکی درێژخایەن بووبێت، بەڵام چی لە دەست دێت ژنەکەی داوای ئەوەی لێ دەکات و لەسەر ئەوە سوورە گەشتێك بکات؟

سەپان ماوەیەکی زۆر ڕۆیشت بێ ئەوەی بتوانێت یەکەمین دراوی زێڕین خەرج بکات، بێ ئەوەی دەست بە پارەکەوە بگرێت. ئاکام گەیشتە شارێکی دوور.

لە بازارِ پیاوێك لێی پرسی: چیت پێیە؟ سەپان چارۆکەکەی لە بوخچەکە دەرهێنا.. پیاوەکە سەرنجی دایەو لێی ورد بووەوە تا بزانێت چەند قورسە، دەستی پێدا هێناو گوتی: ئای چ چنراوێکی بە بەهایە! هاوکات چەند فێنك و سووکە! چ بریقەکەیەکی دێت! بە درێژایی ژیانم چنراوێکی بەم جۆرە نایابم نەبینیوە.. ئەمەت لەکوێ بوو؟

سەپان بە شانازییەوە گوتی: ژنەکەم چنیویەتی.

پیاوەکە گوتی: ئەم چارۆکەیەم پێ بفرۆشە هەزار دیناری زێڕت پێدەدەم.

کاتێك سەپان بینی بازرگانەکە ئەو نرخەی پێ دەدات، بەهای گەنجینەکەی بۆ دەرکەوت کە ماریای دڵسۆز چنیویەتی، بەڵام ئامۆژگارییەکەی بیرکەوتەوە کە نەیفرۆشێت تا هەردوو دراوە زێڕەکە خەرج نەکات.

ئەو کات داوای لێبوردنی لە بازرگانەکە کردو گوتی ئەم چارۆکە نافرۆشم. تیێ تەقاند بەڕێی خۆیدا ڕۆیشت و دەستی بە ورتە ورت کرد:

- ئێستە زانیم ماریا شەکەت بووەو بەهای شەکەتی چەندە. ئەو چارۆکەی چنیویەتی بایی هەزار دینار زێڕە.

پاش ماوەیەك سەپان گەیشتە شارێکی دیکە. یەکسەر ڕووی کردە بازاڕ. هەرکە چارۆکەکەی لە بوخچەکەی دەرهێنا، خەڵکێکی زۆر لە چواردەوری کۆبوونەوەو سەریان لەو شتە بە بەهایە سوڕ دەما کە پێیەتی. یەکێك لە دەوڵەمەندترین بازرگانانی شار گوتی من بە چوار هەزار دیناری زێڕ لێت دەکڕم. بەڵام سەپان قسەی ژنەکەی بیر دەکەوتەوە، کە هێشتە یەك دراوی زێڕی لە بوخچەکەدا

ماوەتەوەو هێشتە یەکەمین دراویشی تەواو نەکردووە، کەواتە بۆچی چارۆکە بەهادارەکەی بفرۆشێت؟ دەسا با ملی ڕێگە بگرێت وەك ماریای دڵسۆز ئامۆژگاری کرد.

ئەو شوێنەی سەپان پێیدا دەڕۆیشت مرۆڤی نیشتەجێی زۆر کەم تێدا بوو، بۆیە ناچار بوو زۆر بڕوات بەر لەوەی بگاتە شارێکی دیکە.

لەوێش خەڵکێکی زۆرتر لە دەوری کۆبوونەوە، هاتبوون تەماشای چارۆکەکەیان دەکرد. لەوێش بازرگانێکی دەوڵەمەند پێی ڕاگەیاند کە ئامادەیە بە هەشت هەزار پارچە زێڕ لێی بکڕێت، بەڵام سەپان جارێکی دیکە نەیفرۆشت. چونکە هێشتە یەك دراوی زێڕی پێ مابوو، هیچ شتێکی لێ خەرج نەکردبوو. دەنگوباسی ئەو چارۆکە نایاب و بەبەهایە بە سەرانسەری هەرێمەکەدا بڵاو بووەوە، هەمووان هەر باسی ئەو چارۆکەیان دەکرد.

کاتێك سەپان گەیشتە شارێکی دیکە، بەردەستەکانی بازرگانێکی دەوڵەمەند چاوەڕێیان دەکرد بۆ ئەوەی بیبەنە لای بازرگانەکە. کاتێك



بازرگانەکە ئەو چارۆکە لە پەڕ سووکترو لە قورسترین ئاورێشم فێنکترەی بینی کە بە جوانترین ڕەنگ دەدرەوشێتەوە، ڕایگەیاند کە ئەو گەنجینە بەنرخە بە چەند بفرۆشرێت ئەو دەیکڕێت. بۆیە بە (سەپان)ی ڕاگەیاند کە دە هەزار پارچە دراوی زێڕی لەبری چارۆکەکە پێ دەدات. بەڵام سەپان وەڵامی دایەوە کە چارۆکەکە نافرۆشێت، ئەگەرچی دە هەزار پارچە دراوی زێڕ سامانێکی ئەوتۆ بوو هیچ کاتێك خەونی پێوە نەبینیوە. بازرگانە دەوڵەمەندەکە زۆری لێ کردو گوتی:

- پێم بفرۆشە، ئەگەر دەشزانیت دەهەزار پارچە دراوی زێڕ کەمە، ئەوە من لە بری چارۆکەکە بیست هەزار پارچە دراوی زێڕت وێ دەدەم.

خەریك بوو دڵی سەپان ڕادەوەستا. بیست هەزار دیناری زێڕ نرخی تەنیا چارۆکەیەك.. ڕەنگە ئەو بڕە پارەیە بە دڵی ماریای دڵسۆز بێت، تەنانەت ئەگەرچی هێشتە دووەمین پارچە دراوی زێڕی خەرج نەکردبێت. بەم شێوەیە چارۆکەکەی فرۆشت و بیست هەزار دینار زێڕی لەبازرگانەکە وەرگرت. ئێستە سامانێکی هەیە ناتوانێت هەڵیبگرێت. بەوپەڕی خۆشییەوە سەپان بۆ وڵاتەکەی خۆی

گەڕایەوە. زۆر بە دژواری دەڕۆیشت، چونکە لە بری بوخچە سووکەکە بیست هەزار پارچە زێڕی بە کۆڵەوە بوو.

ئاکام گەیشتەوە ماڵ و ماریای دڵسۆز بەوپەڕی شادومانییەوە پێشوازی لیّ کرد بە تایبەتی پاش ئەوەی لە نەخۆشییەکەی چاك بووبووەوەو تەندروستی باش بووبووەوە. کاتێك پرسیاری لێکرد چارۆکەکەی بە چەند فرۆشتووە. سەپان سندووقەکەی پیشان دا کە پێی بوو، بە شانازییەوە گوتی:

- ئەم سندووقە بیست هەزار پارچە دراوی زێڕی تێدایە، یەك دانەی کەم نییەو بە دەستی خۆم ژماردوومن.

دایك و باوکی سەپان واقیان وڕما: بیست هەزار پارچە دراوی زێڕ! ئەو سامانە ئەوەندە زۆر بوو، ئەوان پێشبینییان نەدەکرد، بۆیە داوایان لە سەپان کرد پارەکەیان پیشان بدات.

بەڵام ماریای دڵسۆز کاتێك ئەوەی بیست هەندێك نائومێدی خۆی نەشاردەوە، بە (سەپان)ی گوت: تۆ ئامۆژگارییەکەی منت جێبەجێ نەکردووە، چاوەڕێت نەکرد تا هەردوو پارچە زێڕەکە خەرج بکەیت کە پێت بوو.. هەروەها گوتی: ئەگەر لەفرۆشتنی پەلەت

نەکردایە ئەو کات دەتتوانی بە ٣٠ هەزار پارچە دراوی زێڕی بفرۆشیت. بەم شێوەیە دە هەزارت لە کیس داین.

بەڵام پاش ماوەیەك دووبارە هەڵیدایەوەو گوتی:

- هەرچۆنێك بێت پارەیەکی باشە.

پاشان ماریای دڵسۆز ئاهەنگێکی نانخواردنی بە بۆنەی گەڕانەوەی مێردەکەیەوە ڕێکخست.

خانوویەکی بەرینیان دروست کردو سەپان بوو بە بازرگانێکی ناودار، ماریای دڵسۆزیش بەوپەڕی دڵسۆزییەوە یارمەتی دەداو کوڕەکەی بەخێو دەکردو چاویشی لە هەردوو پیرەژن و پیرەمێردەکە دەبوو. ڕاستیت بوێت ئەو خێزانە لە هیچیان کەم نەبوو.

سەپان وێڕای ئەو سامانەی دەستی کەوت کەچی وەك جاران هەر دڵ نەرم و بە بەزەیی بوو. بەو چەشنە دەیانتوانی بە درێژایی تەمەنیان هەر بە بەختەوەری ژیان بەسەر ببەن، ئەوە نەبێت کە دایکی سەپان دەستی بە شێواندنی ئەو ژیانە جوان و هێورە کرد..

ئەو پیرەژنە نەیتوانی دیمەنی هەموو ئەو زێڕە لەناو سندووقەکەدا ژ بیر بکات، بۆیە چاوچنۆکی یاری بە مێشکی دەکردو بیری لە کاری خراپ دەکردەوەو بەردەوام ئەم قسانەی بە گوێی بووکەکەدا دەدا:

دەبێت چارۆکەیەکی دیکە دروست بکەیت، دەزانیت چەندە پارەمان بۆ دەستەبەر دەکات! دەشێت ئەو پارەیەی دەستمان دەکەوێت لە سندووقەکەدا هەڵبگیرێت، تۆو مێردەکەت بۆ پاشەڕۆژی پاشەکەوت بکەن، کێ چوزانێت؟ ڕەنگە ڕۆژێك لە ڕۆژان بە کەڵکەتان بێت، ئەگەر بە ڕاستی ژنێکی گوێڕایەڵ بیت و پاشەڕۆژی کوڕەکەت لەبەرچاو بێت ئەوە چارۆکەیەکی دیکە دروست دەکەیت.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو قسانەی دووبارە دەکردەوە. ماریای دڵسۆز دەیویست پیرەژنەکە قایل بکات کە پارەو سامانێکی باشیان هەیەو، کارەکانی سەپان ئەنجامی باشیان هەیەو، نابێت لە پاشەڕۆژ نیگەران بن بەڵام .. هەموو



ئەوە بێ هوودە بوو، پیرەژنەکە هەموو کۆششەکانی بە هەمان وشەگەل بەکۆتا دەهێناو بە ماریای دڵسۆزی دەگوت:

- هەموو ئەمانە بیانووی بێ پاساون.. تۆ تەمبەڵیت، ئەگەر ئافرەتێکی دیکە بووایە ئەوە هەموو ڕەنجێکی خۆی بۆ بەختەوەری خێزانەکەی تەرخان دەکرد.

ئاکام ماریای دڵسۆز ئەوەندە بەرهەڵستی کرد ماندووبوو، تا وازی لێ هێناو داوای کرد تەونەکەی لە ژوورێکی گۆشەگیردا بۆ دامەزرێنن تا دەست بە کار بکات. کاتێک سەپان زانی کە هاوسەرەکەی دەیەوێت دەست بە چارۆکە چنین بکات، بەهەموو شێوەیەك کۆشا پاشگەزی بکاتەوە، لاوازبوونی یەکەم جاری بیرخستەوە کاتێك یەکەمین چارۆکەی چنی، چەند جاری بە گوێدا هەڵدا کە ئەوان بەشی خۆیان دەوڵەمەندن و پێویستیان بە سامانی دیکە نییە. بەڵام ماریای دڵسۆز تەنیا بزەی دەهاتێ و بە غەمگینییەوە دەیگوت:

- سێساڵ بە خێرایی تێپەڕی، دەبێت دەست بەکارەکەم بکەمەوەو سەرلەنوێ داواتان لێ دەکەم کەس سەرقاڵم نەکات. لەو ڕۆژەوە ماریای دڵسۆز هەموو بەیانیانێك دەچووە ئەو ژوورەوە کە

تەونەکەیان بۆ تێدا دامەزراندبوو، خۆی تێدا بەند دەکردو نەدەهاتە دەرەوە تا ڕۆژ ئاوا نەبووایە. هەر لە سەرەتاوە دەرکەوت کە ئەو کارە چەندی ماندوو دەکرد. هەردوو گونای ئاڵی زەردهەڵگەڕان، ناوقەدی باریکتربوو، تەنانەت ناچار دەبوو بەردەوام پشتێنەکەی ببەستێت. پیرەژنەکە بەوپەڕی فزووڵی و نیاز خراپییەوە دەیپرسی: تۆبڵێیت ئەم ئافرەتە لە ژوورەوە چی بکات؟ من گرەو دەکەم کە لە ڕکاندا لاواز دەبێت و دەپووکێتەوە، ئەی بۆچی کارەکەی بە نهێنی دەکات؟ زۆر ئافرەت هەن مافوور دەچنن بێ ئەوەی کارەکەیان بە نهێنی بکەن.

بەیانیانێکیان پیرەژنەکە چاوەڕوان بوو تا هەموو ئەندامانی خێزانەکە چوونە سەر کاری خۆیان، پاشان بە پسکە پسک لەژوورەکە نزیک بووەوە کە ماریای دڵسۆز تەونەکەی تێدا دامەزراندبوو. پیرەژنەکە لەسەر چۆک لەبەردەم ژوورەکەدا ڕۆنیشت و کەمێك دەرگەکەی کردەوە، چی ببینێت باشە؟ تەونێکی درێژی بینی، کۆترێکی سپی لەبەردەمیدایەو بە دەنووکی پەڕێك لەباڵەکانی ڕادەکێشێت، کە خەڵتانی خوێن بوو، هەردوو باڵی چەند پەڕێکیان پێوە نەمابوو. لەو ساتەدا کۆترەکە ئاوڕێکی لە دەرگەکە دایەوەو

پیرەژنەکەی بینی بە فزوولەوە لە درزی دەرگەکەوە تەماشای دەکرد، بەتوندی قیژاندی و لە پەنجەرە والاکەوە فڕی. سەپان گوێی لە قیژەکە بوو بە ڕەنگ هەڵپڕوزکاوی بەرەو لای پەنجەرەکە ڕۆیشت.

دایکی چی بینیبوو بۆی گێڕایەوە، یەکسەر بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە باخچەکەو، لەهەموو درەختەکان ورد بووەوە، کۆترێکی سپی لەسەر یەکێك لە درەختەکان بینی، کە هەردوو باڵە براوەکانی ڕێیان نەدابوو لەوە دوورتر باڵ بگرێتەوەو ئەوەندە شەکەت و ماندوو بوو گیانی دەدا. سەپان فرمێسك بە چاویدا دادەباری و بە درەختەکەدا هەڵزناو کۆترە سپییەکەی لەئامێز گرت. کۆترەکە کە دواهەناسەی ژیانی دەدا تەماشایەکی کردو بە گوێی چرپاند: سەپان کۆترە سپییەکەت لە یادە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لە مردن ڕزگارت کرد؟ خۆشەویستەکەم ئەوە من بووم! بۆ ئەوە هاتبووم پاداشتی دڵ نەرمی و کارە چاکەکەت بدەمەوە. ئێستایش دوایەمین ساتی ڕۆیشتنم نزیك بووەتەوە، پێت دەڵێم: خوات لەگەڵ! ئاگەت لە کوڕەکەمان بێت.

سەپان بەوپەڕی غەمبارییەوە کۆترەکەی لە باخچەکەدا بەخاك سپاردو پاشان داوای لە هەموان کرد بە (سەپان)ی دڵسۆز بانگی بکەن. ڕۆژانە بە خۆی و کوڕەکەی دەچوونە باخچەکەو ماوەیەکی زۆر لەبەردەم گۆڕەکەدا ڕادەوەستان و تێرتێر بۆ ماریای دڵسۆز فرمێسکیان دەڕشت.

سەرچاوە:( www.madeed.com)

# ڕاوچی



# ڕاوچی

## لە فۆلکلۆری ژاپۆنەوە

لەشوێنێکی ئەو دەریا فراوانە، لە وڵاتی هەتاو، دوورگەیەکی پڕ لە دیمەنی دڵڕفێن و جوان هەبوو.. لـە زۆر مێـژە ڕاوچـییەکی لاو بـە ناوی ئۆراشیما دەژیا. هەموو بەیانییەك سواری بەلەمەکە دەبـوو، سەوڵی لێ دەدا، بەرەو ناو جەرگەی دەریا دەڕۆیشت.

ئەو ڕاوچییە دەنگێکی خۆش و زوڵاڵی هەبوو، هەرکـە خـۆی بـەر شەپۆلەکان دەدا دەستی بە گۆرانی چڕین دەکـرد. بـەو گۆرانییـە ناسکانەی پۆل پۆل ماسی ڕەنگاوڕەنگ بۆ ناو تۆڕەکەی دەهـاتن و لە هەموو لایەکەوە دەچوونە نـاو تۆڕەکـەوەو گـۆرانی چـڕینەکەی سەرسامی دەکردن.

ڕۆژێکیان بەخت ڕووی لێ درژ کرد هەر لـە بەیانییـەوە تـا تاریـك داهات سەوڵی لێ داو تۆڕەکەی خستە ناو ئەو دەریا فرەوانەوە بـێ ئەوەی تەنیا ماسییەك چییە ڕاوبکات، چەند ڕۆژێـك بـەو شـێوەیە

مایەوە. دایکە بە تەمەنەکەی پێی دەگوت: کوڕم بێ ئومێد مەبە، ڕۆژانی باشتر دێن.

بەڵام ئۆراشیما ئەوەی پێ ناخۆش بوو. ڕۆژێکیان چارۆکەیەکی سپی لە بەلەمەکەی شەتەك داو بەرەو ڕاوەماسی بەڕێ کەوت.

تۆڕەکەی هاویشتە ناو ئاوەکەوەو لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

ـ ئەگەر ئەم جارە ماسییەك نەگرم دایك و باوکە بەساڵداچووەکەم بیخۆن ئەوە بە باشتری دەزانم دەریا هەڵملووشێت. لەناکاو برووسکەیەکی کوتوپڕ لە قووڵاییەوە دەرکەوت و تۆڕەکە توند نغرۆ بوو تا ڕادەیەك خەریك بوو بەلەمەکە وەرگەڕێت.. ئۆراشیما بە شادومانییەوە تۆڕەکەی ڕاکێشا، دیمەنێکی بینی چاوی بڕوای نەکرد. جوانترین ماسی لە تۆڕەکەدا بوو کە ڕاوچییەك لەژیانی خۆیدا بینیبێتی. ماسییەکە هەڵبەزو دادەبەزی دەکردو دەیویست خۆی قوتار بکات. ماسییەکی گەورەی زیوینی بریسکەدار بوو، پوولەکەکانی مرواری بوون، نگینێکی زێڕینیش بە سەر سەریەوە بوو.

ئۆراشیما لەگەڵ خۆیدا کەوتە ئاخافتن و گوتی: ئاکام .. بەخت بەپیریەوە هات و بۆم پێکەنی. بەڵام هەردوو چاوی ماسییە

جوانەکە بەڕوانینێکی غەمبارانە تێیان دەڕوانی تا ڕادەیەك کاری لە ڕاوچییە گەنجەکە کرد فرمێسك بە چاوانیدا بێتە خوارێ، هەستی کرد بەزەیی بەرانبەر بە ماسییە جوانەکە دەجوولێت، بۆیە بێ سێ و دوو فڕێی دایەوە ناو دەریا.

ئەوەندەی نەبرد بە هۆشی خۆی هاتەوەو دەستی بە گریان کردو گوتی: ئەوە من چیم کرد؟ چەند چارە ڕەشم! من ناتوانم جارێکی دیکە بەدەستی بەتاڵ بگەڕێمەوە.. خۆزگە ئەو دەریایە قووتی دەدام! بەڵام ئەوەی ئەو کاتە ڕووی دا کەس بیری لێ نەکردبووەوە، دەنگێکی ناسك لە نزیکیەوە بەرز بووەوەو بانگی کردو گوتی:

ئۆراشیما .. ئەی لاوی دڵنەرم .. ئۆراشیما!

ئۆراشیما ئاوڕی دایەوە دەریا فرەوانەکەی دەوروبەری بینی هیچی تێدا نییە. هیچ زیندەوەرێکی تێدا نییە تەنیا کیسەڵێکی دەریایی زەبەلاح نەبێت لە نزیك بەلەمەکەیدا مەلەوانی دەکرد.



ئەوەندەی نەخایاند کیسەڵەکە بە دەنگێکی دڵڕفێن گوتی: ئەی ڕواچی لاو! پادشای هەموو دەریاکان بۆ لای تۆی ڕەوانە کردووم تا ئەمەت پێ بڵێم: کە سوپاست دەکات لەبەر ئەوەی ماسییە زیوینەکەت ئازاد کرد. کە کچە تاقانەکەیەتی. جا لەپاداشتی ئەوەدا بانگهێشتی کردوویت سەر لە کۆشکەکەی بدەیت کە لە قووڵایی دەریادایە. ئۆراشیما ڕەنگی بزورکاو واقی ورما: منی ڕاوچی بەسەزمان و بێ دەستەڵات چۆن دەتوانم بگەمە قووڵایی دەریا؟ بێگومان لەوێ دەمرم. بەڵام کیسەڵەکە دڵنیای کردەوەو گوتی: هیچ شتێك ناتوانێت ئەزیەتت پێ بگەیەنێت. نە شەپۆلی تیژو نەیش دڕندەی دەریایی، تۆ لەلایەن پادشای دەریاوە دەپارێزرێیت. بێ ترس وەرە سەرپشتم. توند خۆت ڕابگرەو با بەڕێ بکەوین!

ئۆراشیما بە گوێی کردو سواری پشتی کیسەڵەکە بوو، هەردووکیان شەپۆلەکەیان دوو شەق کرد، ئاوەکە لەبەردەمیاندا وەك دەروازەی لە بەللوور دروست کراو دووشەق دەبوو، گرووپ گرووپ ماسی قورش لە دەوریان بوون و دەیانپاراستن، لە جیهانێکی سەیردا مەلەوانییان دەکرد کە



ڕووناکی لە چوارچێوەی گوڵاڵە سوورەی دەریایی دڵگیرو ئەشکەوتی مەرجانەوە کە دیمەنی دڵگیریان دەنواند، چەندین ڕەنگی ئەفسووناوی لێ دەبریسکایەوە. لەو کاتەدا کیسەڵە پیرەکە ئەوەی بۆ ئۆراشیما شی دەکردەوە کە چۆن کیژەکەی پاشا لە گەشتێکیدا سەرکێشی کردو لە کۆشك و تەلاری باوکی دوور کەوتەوەو بە تۆڕە ڕاوچییەکەوە بوو.

پاشان گوتی: من بەخێوکەری شازادەم، ئەگەر بۆ کۆشکەکە نەگەڕابایەتەوە ئەوە شا سزایەکی توندی دەدام، جا بۆیە منیش قەرداری تۆم و زۆر سوپاست دەکەم ئەی لاوی دڵنەرم چونکە تۆ بوویت گێڕاتەوە.

ئۆراشیما نەیزانی بە خۆی و بەو کیسەڵەی سواری پشتی بووە بە مەلەوانی کردن لە قووڵایی دەریادا چەندیان پێ چووە. بەڵام لەناکاو تیشکێکی شین ئاوەکەی ڕووناك کردەوەو خۆیان لەبەردەم دەروازەی کۆشکەکەدا بینییەوە. دەرگەکە چۆن بوو؟ پەرژینێك لە شیلانە سوور بوو، لە هەموو لایەکەوە دوری پێوەبوو، تیمێك پاسەوان لە ماسی شمشێر ڕاوەستابوون و مەشخەڵی زێڕینیان بە دەستەوە بوو ماسی شینی بچووك بچووکیان تێدا دەبریسکایەوە.

ئەوەندەی نەبرد تیمی پاسەوانەکە دەرگە قورسەکەیان کردەوە کە بە پوولەکەی کیسەڵ و باڵی نەهەنگ ڕازێنرابووەوەو بە ئەڵماز داپۆشرابوو. لەناکاو کیسەڵەکە بوو بە ئافرەتێکی گەورەی بەشکۆو تیمی پاسەوانەکانیش بوون بە گرووپێك لاوی زۆر قۆزو پۆشتەو جل و بەرگ درێژیان لەبەربوو، قژیان لەپوولەکەی ماسی بوو، بەڵام کاتێك پێدەکەنین قورگێکی تیژیان هەبوو نەك ددان. کیسەڵە پیرەکە بۆ میوانە نوێیەکەی ڕوون کردەوەو گوتی: هەر کەسێك لە دەرگەی کۆشك بێتە ژوورەوە دیمەنی ماسی نامێنێت و دەچێتە قاڵبی دیمەنی مرۆڤەوە. ئۆراشیمای دڵنەرم هەرگیز نیگەران مەبەو مەترسێ کەس لێرە ناتوانێت ئەزیەتی کەس بدات، یاسای ئێمە وایە.



پاشان دەنگی میوزیکی سەربازی بڵند بووەوە کە لە چەند سەدەفێکی گەورەوە بەرگوێ دەکەوت، دواتر شازادەی کیژی پاشای دەریا دەرکەوت، لەناو ژمارەیەك کیژۆڵەدابوو، جلی سپییان پۆشیبوو.

شازادە لە ئۆراشیما نزیك بووەوەو بە بزەی سەر لێوەوە پێشوازی لێکردو بە ناو چەندین هۆڵی گەورە گەورەدا پێشی کەوت تا هەموویان لەبەردەم پەردەی شیلانەی سووری بریسکەدارو مرواری و گوڵاڵەی دەریادا ڕاوەستان.

شازادە بە گوێی میوانە لاوەکەوەی چرپاند:

- باوکم لەو دیوی ئەم بەربەستە سوورەوە دادەنیشێت. دیمەنێکی شکۆداری مەزنی هەیە، بۆیە کەس ناتوانێت تەماشای بکات یان چاو لە چاوانی بکات، بێ ئەوەی نەمرێت. ئەوەندەی نەبرد لەو دیوی بەربەستەکەوە دەنگێکی قووڵ وەك دەنگی شەپوولدانەوەی ئاو بەسەر تاوێرەکاندا بەرز بووەوەو گوتی:

- ئۆراشیما لە ناخی دڵمەوە سوپاست دەکەم .. چونکە کیژەکەت بۆ گێڕامەوە، دەتوانیت چەند ڕۆژو کاتت بوێت لە کۆشکەکەم بمێنیتەوە.



پاشان دەستێکی نەبینراو بەسەر گەردنی ئۆراشیمادا تێپەڕی و ملوانکەیەکی پوولەکە زێڕی لە مل کردو لەسەر قەنەفەیەکی گەورەی دەریایی داینا، لە دەوروبەریەوە میوزیکێکی خۆش و ناسک وەك چرپەی شەپۆلەکان بەرزبووەوەو، چەند قاپێك لە مرواری بە بەروبوومی دەریاو میوە نەزانراوەکان و چەندین جۆرە گوڵی سەیرو سەمەرە داپۆشراو پێشکەش بە ئۆراشیما کران.

ئۆراشیما دەستی بە خواردنی ئەو خواردنە خۆش و بەچێژانە کرد لە کاتێکدا شازادە چیرۆکی سەیرو سەمەرەی وڵاتی دەریای بۆ دەگێڕایەوە. ڕۆژان تێپەڕین و ئەو کاتە نزیك بووەوە کە ڕاوچییە لاوەکە بیری دایك و باوکی بکات. ئارەزوویەکی زۆری دەکرد بگەڕێتەوە لایان. شازادە زۆر کۆشا لەو نیازەی پاشگەز بکاتەوە، بەڵام کاتێك بینی لەسەر ئەوە سوورە بگەڕێتەوە دەستی برد سەدەفێکی ئاسایی لەناو چەند جۆرەشتێکی زێڕین و مرواریدا دەرهێناو گوتی: ئەم دیارییە بۆ یادگار لەگەڵ خۆت ببە.. وەك دەبینیت کە سەدەفێکی ئاساییە، بەڵام بەردێکی سەیر لەناو ئەم سەدەفەدا شارراوەتەوە کە بەنرخترین شتە باوکم هەیبێت. بەڵام ئاگەدار بە نەکەیت سەدەفەکە بکەیتەوە. چونکە ئەو بەردە

سەیرەی لەناو سەدەفەکەدایە هەمان ئەو کاریگەرییەی هەیە کە دەم و چاوی باوکم پادشای هەموو دەریاکان هەیەتی. کە وەك ئاگەدارم کردیت نابێت کەس تەماشای بکات.. کەواتە ئاگەدار بە نەکەیت سەدەفەکە بکەیتەوە، ئەگەر ئارەزوویەکت هەبێت و بتەوێت بۆت بەدی بهێنێت ئەوە بە گوێوەی دەچرپێنیت، خوا یار بێت، ئەو کات بەردە سەیرەکە بۆت بەدی دەهێنێت.

ئۆراشیما سوپاسی شازادەی کردو ماڵئاوایی لێکردو کۆشکەکەی بەجی هێشت. کیسەڵە پیرەکە لەبەر دەرگە چاوەڕێی دەکرد، سەرلەنوێ سواری پشتی بوو، ئەوەندەی نەخایاند گەیاندیەوە کەناری وڵاتەکەی خۆی. پێش ئەوەی کیسەڵەکە بچێتەوە ناو دەریاو لە قووڵایی دەریادا بزر بێت بانگی کردو گوتی: نەکەیت ئامۆژگارییەکانی شازادە لە یاد بکەیت!.



ئۆراشیما بە هەڵەداوان بەرەو کوختەکەی باوکی بەڕێکەوت، سۆزو شادومانی پاڵیان پێوە دەنا، بەڵام کە بەسەر زەویدا دەڕۆیشت وای دەزانی لە ژێر پێیدا هەرەس دەهێنێت و کە تەماشای دەرەورو بەری دەکرد هەستی بە دڵتەنگییەکی زۆر کرد. چونکە کەش و هەواکە بە هەموو شتێکیەوە لە لایەکەوە بە لایەوە باو بوو، لە لایەکی دیکەشەوە زۆر جیاواز بوو.

پرسیاری لە پیاوێك کرد کە نەیدەناسی: ماڵی دایك و باوکی ئۆراشیمای ڕاوچی لە کوێیە؟ پیاوەکە بە جووڵەیەك دەستی بەرز کردەوە کە نازانێت و گوتی: ئەو خەڵکە ناناسم و هەرگیز ناوم نەبیستوون.

ئۆراشیما دەستی بە ڕاکردنی خێرا کرد تا گەیشتە گوندەکە، ئەوەندە گۆڕابوو تا ڕادەیەك نەدەناسرایەوە.. ڕاوچییەکە تەنیا دەم و چاوو ڕوخساری نوێی دەبینی، کە کەسانێك بوون تەواو نەیدەناسین.



ئاکام لەوپەڕی گوندەوە ڕاهیبێکی بەساڵداچووی بینی ڕەنگە تەمەنی سەد ساڵ بێت، هەمان پرسیاری پێشووی لێکردەوە.

راهیبە بەساڵداچووەکە گوتی: ئۆراشیما؟ ئەوە ناوی ئەو کوڕە نییە کە ڕۆژێك لە ڕۆژانی سەردەمێکی دوور لە ناو دەریادا بزربوو؟ دایك و باوکم ئەو بەسەرهاتەیان بۆ گێڕاومەتەوە.

ئەو کات ئۆراشیما بۆی دەرکەوت کە کاتێکی زۆر لەسەر زەوی تێپەڕیوە کاتێك ئەو لە ناو کۆشکەکە لە قووڵایی دەریای بەسەر دەبرد. لەسەر زەوی دانیشت، فرمێسکی سوێری دەڕشت، لەناکاو سەدەفەکەو بەردە سەیرەکەی بیر کەوتەوە بە گوێوەی چرپاند: ئای .. چەندم ئارەزوو لێیە کوختەکەی خۆمان ببینم! چەند حەز دەکەم باوەش بە دایك و باوکە خۆشەویستەکەمدا بکەم!

ئەوەندەی نەبرد شەپۆلێکی زەبەلاح لە دەریاوە بەرەو کەنارەکە هات. هەرکە شەپۆلەکە کشایەوە ماڵە کۆنەکەیان لە بەردەمیدا قیت بووەوەو، دایك و باوکە بەساڵداچووەکەی بەهەڵەداوان بەرەو ڕووی هاتن و شادو بەختەوەر بوون و باوەشیان کردبووەوە تا لە ئامێزی بگرن.

سوپاسی خوای کردو دەستی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی خۆی کرد کە چۆن لە قوولایی دەریادا نیشتەجێ بووە، ئەوەندەی نەخایاند خەڵکی گوندەکە لە بەردەم دەرگەکەیاندا گردبوونەوەو، ڕاوچییە چاوتیژو بەخشندەکە خواردنی پێشکەشکردن و بە هۆی سەدەفە سەیرەکەوە هەموو ئارەزووەکانی بۆ بەدی هێنان.

ڕۆژێکیان ڕاوێژکاری تایبەتی ئەمپراتۆر سەری لە ئۆراشیما داو نەیویست زۆری لا بمێنێتەوە بەڵام فەرمانبەرەکانی لە پاش خۆی بەجێ هێشت گوێ لە هەواڵ و چیرۆك و بەسەرهاتە سەیرەکانی ئۆراشیمایان دەگرت و یەکە یەکە لێیان ئاگەدار دەکردەوە.



ڕاوچییە لاوەکە گەشتە سەیرەکەی خۆی بۆ گێڕانەوەو باسی سەدەفە سەرسوڕهێنەرەکەی بۆ کردن پاش ئەوەی داوای لێکردن لەبەردەم ماڵەکەیاندا دانیشن. ئەوانیش بەسەرسوڕمانەوە پرسیاریان لێکرد: ئۆراشیما پێیان بڵێ ئایە سەدەفە سەرسوڕهێنەرەکەت دەتوانێت دراو دروست بکات؟ ئۆراشیما خێرا چەند وشەیەکی بە چرپە چرپ لەبەردەم سەدەفەکەدا گۆکردو فەرمانبەرە واق وڕماوەکان دوو کۆمەڵ پارچە دراوی زێڕیان بینی لەبەر پێیاندا بڵند بوونەوە، هاواریان کرد: ئۆراشیما خۆت تووش کرد.. تەنیا ئەمپراتۆر مافی ئەوەی هەیە دراو لێبدات، جا لەبەر ئەوەیە ئێمە ئەم سەدەفەت لێ دەستێنین.

یەکسەر سەدەفەکەیان لێ ستاندو دەستیان بەسەردا گرت.

فەرمانبەرەکان لەو شتە سەیرە ورد دەبوونەوەو ئارەزوویان دەکرد شتی پتر بزانن.

ئۆراشیما بێ هوودە کۆشا ئاگەداریان بکاتەوە یاری پێ نەکەن. لەو کاتەدا هەردوو نیوەکەی کرانەوەو لەیەکدی دوور کەوتنەوەو بەردە سەرسوڕهێنەرەکە دەرکەوت. بەر لەوەی فەرمانبەرەکان بەخۆڕا بگەن و بزانن چییان کرد، پەڵەهەورێکی دووکەڵ بەرزبووەوەو دەم و

چاوی داپۆشین هەروەها دەم و چاوی ئۆراشیماو دایك و باوكیشی داپۆشی. لە چەند ساتێكی كەمدا سەریان سپی بوو، دەم و چاویان وشك هڵهات و پڕ لە چرچ و لۆچ بوو، وەك ئەوەی بڵێیت چەندین سەدەیە ژیاون.

لەو لاشەوە دەریا نركاندی و شەپۆلێكی زەبەلاح هەڵیكردو لە دەریاوە هەموو ئەو گیانلەبەرە زیندووانەی لەوێ بوون رایماڵین. بەم شێوە ئۆراشیماو هاوەڵەكانی تا هەتایە شوێن بزربوون.

نەورەسەكانی دەریا دەڵێن ئۆراشیما گەڕایەوە كۆشكی پاشای دەریاو لەوێ بوو بە لاوەكەی جاران و لەو كاتەوە بە بەختەوەری ژیان دەگوزەرێنێت.

سەرچاوە:( www.madeed.com)

# کەروێشکی تۆقیو



# کەروێشکی تۆقیو

## لە فۆلکلۆری هیندستانەوە

لە دێر زەماندا. لەوپەڕی هندستان، کەروێشکێك لە ژێر دارێك لە دارگوێزە هیندییەکاندا دادەنیشێت و زیندە خەون دەبینێت. هەمووشمان دەزانین زیندەخەون چییە. کەس نییە ڕۆژێك لە ڕۆژان زیندەخەونی نەبینیبێت. بەڵام کەروێشکەکە بەو خەونە سەیرانەی شتێکی دیکە بوو، لە ژێر ئەو درەختەدا پاڵی دابووەوەو لەگەڵ خۆی دەدوا:

ـ چی ڕوو دەدات ئەگەر بێت و جیهان هەرەس بهێنێت؟ ئەو کاتە چیم بەسەر دێت؟

لەو ساتەدا گوێزێك لە گوێز هیندییە گەورەکان لە دەستی مەیموونێك بەر دەبێتەوە کە بەسەر درەختەکەوە دەبێت و دەکەوێتە سەر عەرد:

ـ شلّپ! ڕاستەوخۆ لە پشتی کەروێشکەکەوە بە عەرددا دەدات.

کەروێشکەکە دەتۆقێت و هاوار دەکات:

- جیهان دەڕووخێت .. جیهان هەرەس دەهێنێت.

تا هێزی تێدا دەبێت هەڵدێت و هەڕا دەکات. بێ ئەوەی ئاوڕی دواوە بداتەوە.

لەو کاتەدا کەڵەکێوی کەروێشکەکە دەبینێت ڕادەکات، بانگی دەکات:

- بۆچی بەم خێراییە ڕادەکەیت؟

کەروێشکەکە دەڵێت: جیهان دەڕووخێت .. وەرە لەگەڵم!

کەڵەکێوییەکەیش بێ ئەوەی لێی بکۆڵێتەوەو پرسیاری لێ بکات لەگەڵ کەروێشکەکەدا دەست بەهەڕاکردن دەکات.

لەو کاتانەدا تووشی ڕێوییەك دێن و هاوار دەکەن:

- جیهان دەڕووخێت .. جیهان هەرەس دەهێنێت .. وەرە لەگەڵمان!

هەردووکیان هەڕایان دەکرد.. ڕێویش بێ ئەوەی بیر بکاتەوە ئەویش بەگەڵیان دەکەوێت.

هەرسێکیان بەلای فیلێکدا تێدەپەڕین، بانگی دەکەن:

- جیهان دەڕووخێت .. وەرە لەگەڵمان!

بە هەنسکە هەنسك هەرادەکەن و فیلەکەیش بەگـەڵیان دەکـەوێت و، هەموویان بە ناو دارستانەکەدا تێدەپەڕن.

گیانلەبەرەکانی دیکەیش گوێیان لـە دەنگیـان دەبێـت، ئـەوانیش بەگەڵیان دەکەون.. بۆچی هەرا نەکەن کە جیهان بڕووخێت؟

ئاکام شێر گیانلەبەرەکان دەبینێت هەراو هوریایانەو هەرا دەکەن و هەڵدێن.

گوێی لە هاواریان دەبێت: جیهان دەڕووخێت..

تۆزێك ڕادەمێنێت و لەگەڵ خۆی دەڵێت:

- دەبێت هەڵەیەك هەبێت!

پاشان تێی تێدەتەقێنێت و خۆی دەگەیەنێتـە بنـاری هـەورازێك و لەبەردەم گیانلەبەرە شلەژاوو تۆقیوەکاندا ڕادەوەستێت و سێ جـار دەنەڕێنێت.

گیانلەبەرەکان ڕادەوەستن. دەنگی پاشای دارسـتان دەناسـن و لێـی دەترسن.



شێر پرسیاریان لێ دەکات: بۆچی هەڕاتان دەکرد؟

گیانلەبەرەکان وەڵامیان دەدەنەوە:

- پاشا ..جیهان دەڕووخێت .. جیهان هەرەس دەهێنێت !

شێرەکە دەنەڕێنێت:

- کێ بینی کە جیهان دەڕووخێت؟

فیل دەڵێت: من نەبووم.

پاشان گیانلەبەرەکانی دیکە یەك لە دوای یەك دەڵێن، من نەبووم، من نەبووم، من نەبووم..

شێرەکە پرسیارەکەی دووبارە دەکاتەوە:

- کەواتە کێ بینی جیهان دەڕووخا؟

کەڵەکێوییەکە بە شەرمەوە دەڵێت:

- پاشا پرسیار لە کەروێشك بکە!

شێر تەماشای کەروێشك دەکات و دەپرسێت:

- جیهانت بینی بڕووخێت؟

کەروێشك زاری بە یەکدادەچێت و وەڵام دەداتەوە: ڕاستیت دەوێت نەمبینی بە تەواوەتی بڕووخێت، بەڵام دەزانم کە جیهان هەرەس دەهێنێت.



شێرەکە دەپرسێت: چۆن ئەوەت زانی؟

کەروێشکەکە وەڵامی دەداتەوە: گەورەم گـوێم لێ بـوو، گـوێم لـە جیهان بوو دەڕووخاو، هەرەسی دەهێنـا، بـە گـوێی خـۆم بیسـتم.

شێر دەنەڕێنێت: گوێت لێبوو هەرەسی دەهێنا .. بە گـوێی خـۆت بیستت؟ شی بکەرەوە، بۆمان ڕوون بکەرەوە چۆن ئەوە ڕووی دا؟

کەروێشکەکە دەست بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە دەکات و دەڵێت:

- لەژێر درەختێکدا دانیشتبووم، لەخۆم دەپرسـی: چـی ڕوو دەدات ئەگەر بێت و جیهان بڕووخێت؟

لەناکاو گوێم لە دەنگ و هەرایەکی گەورە بـوو، هـەرای ڕووخـانی جیهان.

بەو شێوەیە هەڵاتم و، کۆشام خۆم قوتار بکەم.

شێر لەسەرخۆ دەڵێـت: بـەم شـێوەیە مـن و تـۆ بـۆ ئـەو شـوێنە دەگەڕێینەوە کە جیهانی لێوە دەستی بە هەرەسـهێنان کـرد. ئـەو کات ڕاستییەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە؟

بەو شێوەیە شێرو کەروێشك و کەڵـەکێوی و ڕێـوی و فیـل لەگـەڵ گیانلەبەرەکانی دیکەدا بۆ ئەو شوێنە گەڕانەوە کـە کەروێـشکەکە لێی دانیشتبوو، زیندە خـەونی تێـدا دەبینـی، لـە ژێـر دار گـوێز هندییەکەدا، لەوێ چی ببینن باشە؟

گویز هیندییەکیان بینی کەوتبووە سەر عەرد. شێرەکە دەپرسێت:

ـ ئەمە ئەو شوێنە بوو لێی دانیشتبوویت؟

کەروێشکەکە وەڵام دەداتەوە: بەڵێ.

شێرەکە دەڵێت: جیهان دەبینیت بڕووخێت؟

کەروێشکەکە کە تەماشای زەوییە ڕەق و سەختەکەی دەکات، وەڵام دەداتەوە: نا.

شێرەکە دەپرسێت: چی لێرەدا دەبینیت؟

کەروێشکەکە دەڵێت: گوێز هیندییەك.

شێرەکە دەپرسێت: ئەی ئێستە، مەزندە دەکەیت گوێت لە چی بووبێت؟

کەروێشکەکە بە شەرمەوە دەڵێت: بە ڕاستی مەزندە دەکەم گوێم لە دەنگی بەربوونەوەو کەوتنە سەر عەردی گوێز هیندییەکە بووبێت.

شێرەکە دەنەڕێنێت ئەی کەروێشکی گێل و ترسنۆك لە ترسی گوێز هیندییەك ڕات کردووە کە بەربووەتەوە، لافی ئەوەشت لێداوە کە جیهان دەڕووخێت.



گیانلەبەرەکانی دیکە هاوار دەکەن : ئەی کەروێشکی گێل!

شێرەکە دەنەڕێنێت: بێ دەنگ بن .. ئەی ئێوەی گیانلەبەرانی دیکە، دوای کەروێشکەکە کەوتن، ئێوەیش لەو گێل و گەوجتر بوون.

پاشان ئەو قسانە شێر وەردەچەرخێتەوەو سەربەرزانە ڕێگە دەگرێتە بەرو دەڕوات.

گیانلەبەرەکانی دیکە هیچ شتێکیان نابێت بیلێن، هەموو بە هێوری دەڕۆن و دوور دەکەونەوە.

هەرچی کەروێشکەکەیە ئەوە دەگەڕێتەوەو لەژێر دارگوێز هیندییەکەدا دادەنیشێت تا خەونی نوێ ببینێت و لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

- ژیان بێ خەون بینین ناخۆشە.

بەڵام ئەم جارە هەڵناخەڵەتێم

ژیان بێ خەون بینین دژوارە

ژیان بێ خەون بینین هەژاری و نەدارییە

بەڵام دەبێت هەڵنەخەڵەتێین.

سەرچاوە:( www.madeed.com)

# گوڵی شین



# گوڵی شین

## لە فۆلکلۆری چینەوە

ئەمپراتۆرێکی چین هەستی کرد کە بەم نزیکانە دەمرێت، بۆیە ئارەزووی دەکرد بەر لەوەی بمرێت کیژەکەی بە مێرد بدات. ئەو شازادەیە نەك هەر پۆشتەترین کیژی ئەمپراتۆریەتەکەو لە ڕووی پەروەردەوە لە سەرووی هەموویانەوە بوو، بەڵکو .. لە هەر هەموویان جوانتر بوو. چاوە ڕەشەکانی لە شەو دەچوون، تێڕوانینێکی سادەی بێ وێنەیان دەنواند، پێکەنینەکەی لە میوزیکی زەنگە زیوینەکان دەچوو، وێڕای ئەوەیش زانا بوو. کەس وەك ئەو نەیدەزانی چامەی شیعری داڕێژێت و وەك ئەو جوان بیخوێنێتەوە.

دانیشتووانی ئەمپراتۆریەتەکە هەر هەموویان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە هەموو ئەو مەرجانەی تێدا بەدی دەکرێت کە لە کچێکدا کۆبووبێتەوە. بەڵام تەنیا یەك ڕەخنەیان لێ دەگرت ئەویش ئەوەبوو مێردی نەدەکرد.

باوکی هات و تکای لێ کرد بەر لەوەی بمرێت ئەو ئارەزووەی بەدی بهێنێت، ئەویش بە گوێی کردو ڕایگەیاند مێرد بەو کەسە دەکات کە گوڵێکی پێشکەش بکات، بەڵام چ گوڵێك!

گوڵێکی شین ..کە کەس پێشتر ئەو گوڵەی لە چین نەڕنیبێتەوە. هەرکە داخوازانی ئەو کیژە، کە هەر هەموویان کوڕە دەوڵەمەند بوون، زانییان شازادە مێرد دەکات و ئەو مەرجە دەگمەنەی بۆ مێرکردن داناوە، هەر هەموویان دەشتیان دایە بەرو بە دوای ئەو گوڵە شینەدا دەگەڕان.

زۆربەی ئارەزوومەندان لەوانەی نەیانتوانی زۆر بگەڕێن، ماوەیەکی پێنەچوو وازیان هێناو گەڕانەوە. بەڵام سێ کەسیان زۆر لەسەر ئۆقرەگری و کێبەرکێ سووربوون، تا بتوانن بە ئامانجی خۆیان بگەن و شازادە ببێتە هاوسەریان.

یەکەمیان گەورەترین بازرگانی وڵات بوو.. تا بڵێیت دەوڵەمەند بوو، ڕەنگە لە دەوڵەمەندی خودی ئەمپراتۆر کەمتر نەبێت، داوای لە هەموو گوڵفرۆشانی جیهان کرد گوڵێکی شینی بۆ بدۆزنەوە، بەڵام ـ وەك پێدەچێت ـ کەسیان گوێی لە گوڵی لەو چەشنە نەبووە.

کاتێـك بازرگانەكـە خـەریك بـوو نائومێـد دەبـوو، پـەنای بـەر بەناوبانگترین گوڵفرۆشی وڵاتەكەی برد و پێی گوت:

ـ ئەگەر ئەو گوڵە شینە خوازراوەت بۆ دۆزیمەوە، ئەوە دەوڵەمەندو بەهێزت دەكەم چونكە دەبمە زاوای ئەمپراتۆر.. ئەگینە دەتكوژم.

گوڵفرۆشەكە، كە لە ترسـاندا دەلـەرزی، گـوتی سـێ ڕۆژ مۆڵـەتم بدەیە.

گوڵفرۆشەكە دەیزانی گوڵی شین نییە، بەو شێوەیەی كە بازرگانەكە دەیەوێت، بۆیە پەنای بۆ بەر ژنەكەی برد، كـە بـەوە ناسـرابوو زۆر زیـرەك بـوو، ڕاوێـژی پـێ كـرد بـۆ ئـەوەی ڕێگەچـارەیەكی بـۆ بدۆزێتەوە.



ئامۆژگاری کرد بچێتە لای کیمیاگەرێکی ناسراوو، داوای لێ بکات کە شلەیەکی شینی بۆ ئامادە بکات و، گوڵێکی سپی تێ هەڵبکێشێت.. گوڵفرۆشەکەیش وای کرد. کاتێك بازرگانەکە هات و داوای گوڵەکەی لێ کرد، بەوپەڕی دڵنیایی و بڕوابەخۆبوونەوە پێشکەشی کرد.

بازرگانەکە بێ ئەوەی یەك سات بەفیڕۆ بدات، بەرەو کۆشکی پاشا تێی تەقاند، کاتێك ئەمپراتۆر گوڵە شینەکەی بینی هەستی بە شادومانییەکی مەزن کردو، یەکسەر بۆ کیژەکەی بردو پێی گوت:

ـ ئەوەتە ئارەزووەکەت بەدی هات، هیچ شتێکمان لەبەردەمدا نەماوە ئەوە نەبێت دەست بە ئامادەکاری شاییەکە بکەین، ئەم لاوە پایەبەرزە ئەو گوڵەی بۆ دۆزیتەوە کە داوات کردووە.

شازادە تەماشای گوڵەکەی کردو ڕووی زەرد هەڵگەڕاو گوتی:

ـ بە داخەوە! بابە چۆن بەم شێوە ناشایستەیە فریویان دایت؟ ئەمە گوڵێکی شینی سروشتی نییەو لەوە دەترسم یەکێك لە ئاوێنە مەلە بچووکەکانم لەسەری بنیشێتەوەو مردار ببێتەوە، ئەگەر پەپوولەیەکی گەڕۆکیش لەسەری بنیشێتەوە ئەوە بێ سێ و دوو

یەکسەر ژەهراوی دەبێت و بەر دەبێتەوەو گیان دەسپێرێت.. پاشان بە شێوەیەك بێزاری بنوێنێت گوڵەکە فڕێ دەدات.

دووەمین داخوازیکاری شازادە ئەفسەرێکی بەناوبانگ بوو، لەگەڵ سەد سواردا بەرەو شاری پێنج ڕووبار بەڕێ کەوت، چونکە بیستبووی کە ئەو شارە شاری ئەڵمازو مرواریییە، پاشان گەورەترین زێڕینگەری پایتەختی ڕاسپارد گوڵێکی لە یاقووتی لازۆردی بێ وێنەی بۆ دروست بکات. کاتێك زێڕینگەرەکە کارەکەی تەواو کرد هەموو دانیشتووانی وڵات ئەو کارە هونەرییە دەگمەنەیان لا پەسەند بوو، هەموویان ڕایانگەیاند کە بە درێژایی ژیانیان کارێکی هونەری جوانی لەو جۆرەیان نەبینیوە.



کاتێك ئەفسەرەکە گوڵەکەی پێشکەش بە ئەمپراتۆر کرد، دڵی پێ خۆش بوو، مەزندەی کرد کە ئەم جارەیان بە دڵی کیژەکەی دەبێت، بۆیە یەکسەر کارە هونەرییەکەی بۆ شازادە بردو پێی گوت:

- ئارەزووەکەت بەدی هات، هیچ نەماوە ئەوە نەبێت ئامادەکاری بۆ زەماوەندەکە دەست پێ بکەین.

شازادە بە چاوە ڕەشەکانی لە گوڵە شینەکەی ڕوانی کە لەسەرخۆ پرشنگی دەدایەوە، وەك ئاوی دەریا کە ئاسمانی تێدا ڕەنگ بداتەوە، پاشان گوتی:

- بابە نابینیت، ئەمە گوڵ نییە، بەڵکو یاقووتێکە لە شێوەی گوڵ دروست کراوە؟ گەلێك خشڵ و مرواریم هەن زۆر لەمە جوانترن.

سێیەمین پاڵێوراو کوڕی سەرۆك وەزیرانی ئەمپراتۆر بوو، ئەویش لاوێك بوو، تا بڵێیت لە ڕووی پەروەردەو زەوقەوە بێ هاوتابوو. بانگی گەورە هونەرمەندانی ئەپراتۆریەتەکەی کردو پێی گوتن:

- گوڵدانێکم لێ دەوێن لە هەموو گوڵدانەکان کە لەژیانتاندا بینیوتانە تەنك و ناسکتر بێت.. دەمەوێت لە بنەوەیدا گوڵێکی شین دروست بکەن لە هەموو ئەو گوڵانە جوانتر بێت لە ژیانتاندا بینیوتانن.



ماوەی سێ مانگی ڕەبەق، هەموو هونەرمەندانی وڵات سەرقاڵی کارکردن بوون و، شاکارێکی هونەرییان دروست کرد لە هەموو ئەو شتانە جوانتر بوو کە تا ئێستە لە وڵاتدا دروست کراون.

کاتێك ئەمپراتۆر گوڵدانە نایابەکەی بینی گوڵە شینەکە لە بنەوەیدا دەبریسکێتەوە، زۆر شادومان بوو، یەکسەر بردی و بە کیژەکەی پێشکەش کردو گوتی:

- ئەوە ئەم جارەیان ئارەزووەکەت بەدی هات، ئیدی هیچ نەماوە ئەوە نەبێت خۆمان بۆ شایی و زەماوەند ئامادە بکەین.

شازادە گوڵدانەکەی بە پەنجە درێژو باریکەلەکانی دەستی وەرگرت و هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

- بە ڕاستی ئەم گوڵدانە زۆر جوانە، بۆیە لای خۆم هەڵیدەگرم، چونکە شایەنی ئەوەیە ئەو گوڵە شینەی تێدا دانێم کە خەونی پێوە دەبینم.

بەم شێوەیە سێیەمین خوازبینیکاری ڕەت کردەوە.

کاتێك بەرەبەیانی دا، شاعیر گوڵێکی سپی لێکردەوە، کە لە کەناری ڕێگەکەی بینیبوو، بۆ ئەمپراتۆری برد، کە ئەویش لای خۆیەوە بە کیژەکەی پێشکەش کردو، بەو بۆنەیەوە گوتی:



- کیژم ئەمە ئەو گوڵەیە کە ئەو شاعیرە دەڵێت گوڵی شینە.

شازادە گوڵەکەی وەرگرت و بێ سێ و دوو گوتی:

- بابە ڕاستە! ئەمە گوڵە شینەکەیە .. زۆر جوانە .. وەك خودی ژیان جوانە.

ئەمپراتۆر ماوەیەکی زۆری پێچوو تا لەو سەرسوڕمانییە بێدار بێتەوە. لە کۆشکی ئەمپراتۆریشدا ناڕەزاییەکی زۆر دەربڕرا:

- بەڵام ئەم گوڵە شین نییە.

هەرچی شازادە بوو، ئەوە لەسەر ڕای خۆی مکوڕ بوو، ڕایشیگەیاند کە خەڵکی ناو کۆشك ڕەنگەکان لە یەکدی ناکەنەوەو دووپاتی کردەوەو گوتی: ئەم گوڵە شینەو، من ئەوەتان پێ دەڵێم. باش تێی بڕوانن، ئەو ڕەنگە شینە ئەفسووناوییەی دەبینن کە پرشنگ دەداتەوە. پاشان دەستی بە سەماو گۆرانی چڕین کردو گوڵەکەی بە دەستەوە بوو و دەیگوت:

- من بە چاوی خۆم دەتبینم نەك بە چاوی ئەوان
با بۆ خۆیان چی دەڵێن با بڵێن
ئاسمانی شین و
ئەو خەونەی دەمبینی

ئەوەتانێ بە دی دەهێنم
سا لەناو پەڕەکانتدا لە ئامێزم بگرەو
بۆن و بەرامە بە ئاسۆدا بپرژێنە
تا هەردەم لە وەرزی بەهاردا پێکەوە بژین
ڕەنگی دڵگیرت بدرەوشێتەوە
من بە چاوی خۆم دەتبینم نەك بە چاوی ئەوان

ئەو کاتە دەست و پێوەندەکانی کۆشکی ئەمپراتۆر بێ دەنگ بوون و، شازادە مێردی بە شاعیرەکە کردو گۆرانی و پێکەنین و میوزیك هەموو لایەکی کۆشکی ئەمپراتۆری تەنییەوەو شادی سەرانسەری وڵاتی گرتەوە.

سەرچاوە:( www.madeed.com)

# بەردتاش



# بەردتاش

## چیرۆکێکی فۆلکلۆری لە ژاپۆنەوە

هەبوو نەبوو بەردتاشێك هەبوو هەموو ڕۆژێك دەچوو لە تاوێرێکی زلی بناری چیایەك کێلی گۆڕ یان پارچەی بۆ دیوار لێ دەتاشی. هەموو جۆرە بەردەکانی دەناسی و دەیزانی بۆ چی بەکاردێن. لەبەر ئەوەی لە پیشەکەیدا چوست و چالاك و دەست ڕەنگین بوو کڕیارێکی زۆر ڕوویان تێدەکرد، بەو شێوەیە ماوەیەکی دوورو درێژ بە بەختەوەری و دڵنیایی ژیان و گوزەرانی بەسەر بردو هیچ شتێکی لە ژیانی خۆی نەدەویست تەنیا ئەوە نەبێت کە لەژیان دەستی دەکەوت.

لەو چیایەی کە بەردتاشەکە هەموو ڕۆژێك ڕووی تێدەکرد، (جنۆکە)یەك هەبوو جار نا جارێك خەڵك دەیبینی، پرسیاری لێ دەکردن چییان پێویستە و چی بتوانیایە یارمەتی دەدان. بەردتاش هەرگیز ئەو (جنۆکە)یەی نەبینیبوو. کاتێك لەبەردەمیدا باسیان

دەکرد، هەردوو شانی هەڵدەتەکاند، چونکە نەیدەویست بڕوا بکات کە (جنۆکە) هەیە.

ڕۆژێکیان، بەردتاشەکە کێلێك بۆ کابرایەکی دەوڵەمەند دەبات کە نیشتەجێی ناوچەیەکی ئەو دەوروبەرە دەبێت. ڕایسپاردبوو ئەو کێلەی بۆ دروست بکات. لە کۆشکی ئەو دەوڵەمەندەدا شتی زۆر جوان و نایابی دەبینێت. ئەوەیش وای لێ دەکات لەو کاتەوە خەوی نەچێتە چاو.

ئەوەندە ناخایەنێت، کارەکەی لەبەرچاو قورس و گران دەبێت، ژیانی تاڵ دەبێت و هیچ خۆشی و شادییەکی پێوە دیار نابێت.

تەوشەکەی بە تاوێرەکەدا دەکێشێت و لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

- ئای! ئەگەر دەوڵەمەند دەبووم .. ئەو کات لەناو نوێنێکی نەرم و نیاندا دەنووستم، بە ئاورێشم و قردێلەی زێڕین ڕازێنرابێتەوە.. ئەو کات لەوپەڕی بەختەوەری و کامەرانیدا دەبووم!

لەناکاودا دەنگێك لە سەرووی چیاکەوە وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت:

- من جنۆکەم دڵنەرمم.. گوێم لە هیواو ئاواتەکەت بوو..بڕو وەك ئارەزوو دەکەیت دەوڵەمەند دەبیت!

هەرکە بەردتاش ئەو دەنگەی بەرگوێ دەکەوێت یەکسەر دەست لەکار هەڵدەگرێت و ئاوڕی ئەم لاو ئەو لای خۆی دەداتەوە، بەڵام کەس نابینێت، لە دڵی خۆیدا دەڵێت: ڕەنگە ئەوەی بەرگوێم کەوت خەیاڵ پڵاوی بێت.

ئارەزووی کارکردنی نامێنێت و شت و مەکەکانی گرد دەکاتەوەو بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە. کاتێك دەگاتەوە ماڵ واقی وڕدەمێنێت، چونکە لە جیاتی کوختە بچووکەکەی کە تێیدا دەژیا، کۆشکی گەورە بەرز بووبووەوە، ناوماڵەی گرانبەهای تێدابوو، لە یەکێك لە ژوورەکاندا نوێنێکی جوان دانرابوو زۆر لەو نوێنە دەچوو کە لە ماڵی دەوڵەمەندەکە دڵی لێ چووبوو.

بەردتاش سەیری کۆشکە تازەکەی دەکات و لە خۆشیاندا دەست بە سەما دەکات، پاشان دەچێتە ژوورەوەو بەو سامان و دەوڵەمەندییەی تێیدا دەبێت، ژیانی تێدا بەسەر دەبات و ئەوەندە ناخایەنێت ئەو ژیانە دژوارو ناخۆشەی ژ بیر دەکات کە تا ئەو کاتە گوزەراندبووی.



هاوین دێت و .. هەتاو کە بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە زەوی دەسووتێنێت. ڕۆژێکیان پلەی گەرما ئەوەندە بەرز دەبێتەوە تا ڕادەیەک بەردتاش بڕیار دەدات ئەو ڕۆژە لە ناو کۆشکەکەیدا لەو دیوی پەنجەرە داخراوەکانەوە بەسەر ببات . کاتێك لەو دیوی پەنجەرەکەوە تەماشای ڕێگەکەی دەکات، گالیسکەیەك تێدەپەڕێت چەند خزمەتکارێك بە دوایەوە دەبن جلی شینیان لەبەر دەبێت بە هێڵی زێڕین ڕازێنرابووەوە. میرێکیش لەناو گالیسکەکەدا دەبێت، یەکێك لە خزمەتکارەکان سەیوانێکی بەرز کردووەتەوەو سێبەری بۆ کردووەو لە تیشکی هەتاوی دەپارێزێت.

بەردتاشەکە هەناسەیەکی هەڵدەکێشێ و دەڵێت: ئای! ئەگەر من میر بووایەم ئەو کات بە گالیسکە گەشتم دەکرد، خزمەتکارەکان سەیوانی ئاورێشمیان بەسەر سەرمەوە بەرز دەکردەوە لە تیشکی هەتاوی دەپاراستم. ئەو کات چەند کامەران و بەختەوەر دەبووم!

هێشتە وشەکانی لە زار نەهاتبوونە دەر جنۆکەی چیاکە بانگی دەکات:

- گوێم لە خۆزگەکەت بوو .. دەبیتە میر.

بەردتاش دەبێت بە میر. لە گەشت و سەردانەکانیدا دوو گرووپ سەربازی لەگەڵ دەبن.



یەکەمین گرووپ لە پێشەوەو دووەمین گرووپ لە پشتییەو دەڕۆیشتن و چەند خزمەتکارێك لەسەر شانیان هەڵدەگرت جلی مەخمەڵی سووریان دەپۆشی. بە هێڵی زێڕین ڕازێنرابووەوە، یەکێك لە خزمەتکاران ئەو سەیوانە ئاوریشمینەی بەسەر سەرەوە بۆ بەرز دەکردەوە کە ئارەزووی دەکرد بۆ ئەوەی لە تیشکی هەتاوی بپارێزێت. هەموو شتێکی بە پێی ئەو ئارەزووە خۆشەویستانەی خۆی بۆ ئامادە کرابوو.بەڵام ئەو شادومانییەی دەستەبەر نەکرد کە هیوای بۆ دەخواست.

جارێکیان ئاوڕی ئەم لاو ئەو لای خۆی دەدایەوە بۆی دەردەکەوت ئەو گیایەی باخچەکەی داپۆشیوە لەبەر تیشکی هەتاو وشك دەبێتەوە ئەگەرچی ڕۆژانە ئاوێکی زۆریشی دەدات و، ڕوخساریشی وێڕای سەیوانەکە تا دێت ڕەشتر دەبێت، بۆیە تا بۆی دەکرێت هاوار دەکات:

- هەتاو لە من بەهێزترە.. ئای، خۆزگە هەتاو بوومایە!

جنۆکەی چیاکە گوێی لێ دەبێت، بەرسڤی دەداتەوە:

- گوێم لە خۆزگەکەت بوو، دەبێتە هەتاو.

بەردتاش دەبێت بە هەتاو، هێزێکی بێ سنووری دەبێت تیشکی لە نێوان زەوی و ئاسماندا دابەش دەکات و، گەرما بە سەر هەموو شتێکدا دەپرژێنێت، ئەوەندە نەخایەنێت هەموو شتێکی سەر رووی زەوی وشك دەبنەوە: درەختەکان، رووەکەکان .. دەم و چاوی دەوڵەمەندو نەداران، بازووی بەهێزی خۆی پیشان دەدات و شانازی پێوە دەکات.. ئەدی نەبووەتە هەتاو؟ لەخۆبایی بوونی دەگاتە رادەیەکی بێ سنوور..

کاتێك تەماشای ئەو وشکاییە دەکات کە زەویی لەناو بردووە هەست دەکات کە بەڕاستی بەتوانایە.



بەڵام هەورێکی گەورە بە بەردەم هەتاودا تێدەپەڕێت بۆ ئەوەی زەوی بپارێزێت چونکە پێی ناخۆش دەبێت گەرما هەموو جوانی و تەڕییەکی سەر ڕووی زەوی بسووتێنێت.

گاتێك هەورەکە دەبینێت سەرلەنوێ تووڕە دەبێت و هاوار دەکات:

- ئەوە چییە؟ هەورێك دەتوانێت شکست بە هەتاو بهێنێت؟ کەواتە لە من بەهێزترە! ئەگەر من هەور بووایەم، ئەو کات بەهێزتر دەبووم.

یەکسەر جنۆکەی چیا بەرسڤی دەداتەوە:

- گوێم لە خۆزگەکەت بوو .. دەبیتە هەور.

بەردتاشەکە دەبێت بە هەورێك. لە نێوان هەتاوو زەویدا دێت و دەچێت، بەردەم تیشکی بەهێزو کوشندەی هەتاو دەگرێت و ئەوەندەیش شادومان دەبێت کە ڕووی زەوی دەبینێت سەوزایی و گوڵ دایپۆشیوە. پاش ئەوەی بەردتاش چێژ لەو سەرکەوتنەی دەبینێت، دەیەوێت کوێرانە توانای خۆی تاقی بکاتەوە، دەست بە باران بارین دەکات، بێ ڕاوەستان چەندین ڕۆژو هەفتە بارانەکە خۆش ناکات، ئاوی ڕووبارەکان بەرز دەبنەوەو مەرەزەکان لە باراناودا نغرۆ دەبن و شارو گوندەکان بە هۆی لافاوەوە دەڕووخێن.

هیچ شتێك لەبەردەم ئەم گەردەلوولە کوێرەدا خۆی ڕاناگرێت تـەنیا تاوێری چیاکە نەبێت، قیت ڕادەوەستێت، وەك بڵێیێـت بـەرەنگاری بوویێتەوەو بڵێت

- هەرچیت لە دەست دێت لە باران بیبارێنە، من لە شـوێنی خـۆم ناجووڵێم.

کاتێك دەبینێت تاوێری چیاکە لەبـەردەم بـاوبۆران و لافاوەکانیـدا هێورو لەسەرخۆ ڕاوەستاوە، هاوار دەکات:

- تاوێر لە من بەتواناترە. ئای، خۆزگە تاوێرێك بووایەم!

دەست بەجێ جنۆکەی چیا وەڵامی دەداتەوە:

- خۆزگەکەتم بەر گوێ کەوت.. دەبیتە تاوێر.

بەڵێ .. دەبێت بە تاوێرێکی زل، بە خۆوەی دەنازێـت و گاڵتـە بـە گەرمای هەتاوو ڕەهێڵـەی بـاران دەکـات. بەردتاشـەکە بەوپـەڕی شادی و لەخۆڕازیبوونەوە لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

- ئەوەتە من لە ڕاستیدا زۆر بەهێزم، بڕوا ناکەم کـەس بەرانبـەرم ڕاوەستێت و بەسەرمدا زاڵ بێت. بۆیە زۆر کامەرانم.

دوای چـەند ڕۆژێـك سـەرلەبەیانییەك لـە دەورو بـەری خـۆی بەردتاشێك دەبینێت بە تەوشەیەکی تیژ هێرشی بۆ دەهێنێت.

لەو کاتەدا کە تەماشای دەکات سەرقاڵی کارکردن دەبێت، پارچە تاوێرێکی زل جیادەبێتەوەو بەناو پێدەشتەکەدا غلۆر دەبێتەوە.

تاوێرەکە بەوپەڕی تووڕەییەوە هاوار دەکات:

- ئەم پیاوە لاوازەی سەر ڕووی زەوی لە من بەهێزترە! ئای بۆچی پیاو نەبووم؟

ئەو کاتەیش جنۆکەی چیا گوێی لێ دەبێت:

- گوێم لە خۆزگەکەت بوو.. سەرلەنوێ دەبیتەوە پیاو.

ئەو کات بەردتاشەکە دەبێتەوە بە پیاوو .. پیشەکەی خۆی وەردەگرێتەوەو، هەموو بەیانییەك تەوشەکەی دەخاتە سەر شان و دەچێتە چیاو لە بەردەم تاوێرێکی زلدا ڕادەوەستێت و کێلی گۆڕو خشت بۆ دیواری ماڵانی لێ دروست دەکات و پاشان دەگەڕێتەوە کوختەکەی، بەرەنگاری هەتاوو باران دەبێتەوەو بە پیشەکەی خۆی ڕازی دەبێت کە ڕۆزی ڕۆژانەی پێ پەیدا دەکات، واز لە خۆزگەو خەیاڵ پڵاوییەکانی دەهێنێت کە هیچ سوودێکیان نابێت.

بەردتاشەکە دوای ئەو تاقیکردنەوانە فێری ئەو شتە دەبێت کە کارکردن هێزە.. کارکردن سەرچاوەی شادومانی مرۆڤە.

سەرچاوە:( www.madeed.com)




لەسەر ئەرکی موحسین چینی چاپکراوە

چاپخانەی شەهاب - هەولێر